# نیــچـه

فریدریش نیچه

و: شوان ئةحمةد

کۆمەڵی نووسەر

# فریدریش نیــچـه

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە

شوان ئەحمەد

سلێمانی / ٢٠٠٤

زنجيرەی كتێبی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم

كتێبی گيرفانی ژمارە ( ٤٣ )

سەرپەرشتياری گشتيی زنجيرە

ئازاد بەرزنجی

# فريدريش نيچە

نووسينی: كۆمەڵێ نووسەر

وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد

بابەت: فەلسەفی

بەڕێوەبەری هونەری: شيروان تۆفيق

مۆنتاژی كۆمپيوتەری: سەيران عەبدولرەحمان

هەڵەچن: خودی وەرگێڕ

تيراژ: ٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن : ی ٢٠٠٤

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم كتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

www.sardam.net

## نیــچه



و: شوان ئةحمةد

# فریدریش نیچه

## (١)

فریـدریش نیچـه لـه پـانزەی تشـرینی یەکـەمی سـاڵی ١٨٤٤ لـه شـاری (رۆکـن)ی ئـەڵمانیا هاتۆتـه دنیـاوه.. تەمـەنی پێـنج سـاڵان بـووه کاتێـك بـاوکی مـردووەو دایکـی ناچـار بـووه لەگـەڵ ئەلیزابیسـی کچـیدا کـه دوو ساڵێك لـه نیچـه گـەورەتر بـووه روو بکاتـه شـاری (نـاومبۆرگ)، ئـەم شـارەش دەکەوێتـه سـەر روبـاری (سـالی). لەوێـدا نیچـه خرایـه بەرخوێندن و خوێندکارێکی سەرکەوتوو بوو. هەرکه تەمەنیشـی گەیشـته چـوار سـاڵان لـه خوێنـدنگای (بفۆرتـا)ی نـاوخۆیی وەرگـیرا. ئـەم خوێندنگایـه تایبـەت بـوو بـه کەسانی دەستەبژێرو هەڵبـژاردە. تـا ئەوکاتەی لە زانکۆ وەرگیرا لەوێدا مایەوە.

خوێنـدنگای (بفۆرتـا) ژمارەیـەك کەسـی بـەناوبانگی تێـدابوو، وەك شـاعیری رۆمانسـی

(نۆڤـاليس) و (فێختــە)ی فەيلەسـوف و (رانكــە)ی مێــژوونووس و هــەردوو جوتــە بــرا (شــليگل). هاوكات خوێندنگا خـاوەنی ژمارەيـەك مامۆستای بەتوانا بوو.

نيچــە لــەو تەمەنەيــدا حــەزو ئــارەزووی جۆراوجــۆری هــەبوو: شــيعر، لێكۆڵينــەوە كلاسيكيەكان، ميوزيك. وەكی باوكی مۆسيقيەكی باش بـوو. لـە سـەرەتای تەمـەنیدا پيـانۆژەنێكی سـەركەوتوو بـوو، هـەروەها دەسـتی بـۆ دانـانی هــەموو جــۆرە ئاوازێــك دەبــردو ســالانێكی زۆر لەسـەر ئـەم كـارەی بـەردەوام بـوو. لـە خوێنـدنگا خوێنـــدكارێكی هەڵســـوكەوت جـــوان بـــوو، ئەركەكانيشـــی بـــە وردی جێبـــەجێ دەكـــرد. هەستێكی زۆريشی بە لێپرسراوێتی دەكرد، بەڵام هەندێك جاريش توشی هەڵەو لادان بووە.

كاتێك خوێندنی لە (بفۆرتـا) تـەواو كـرد سـاڵی ١٨٦٤ چــووە زانكــۆی (بــۆن)، بــەو مەبەســتەی لەوێــدا تيۆلۆژيــاو بابەتــە كلاســيكيە كۆنــەكان بخوێنێـت. بـەڵام (بۆن) و زانكۆكـەی بـە دڵـی ئـەو

نەبوون. ئەوەشی لەنامەیەکدا لە ٣٠ حوزەیرانی ١٨٦٥ کە بۆ دایکی نووسیوە رونکردۆتەوە.

لەو نامەیەدا دەڵێت:

(من زۆر لە توندڕۆیی خەڵکی کاتۆلیکی ئێرە بێزارم، زۆر جاران وام لێ دێت بڕوا بەوە نەکەم ئێمە لە سەدەی نۆزدەدا دەژین). بەڵام سەرەڕای ئەوە پرۆفیسۆر فردریك ولیەم ریچل (١٨٠١-١٨٧٦) توێژەر لە بواری لێکۆڵینەوەی کۆندا، بووە ئیلهام بەخشی و هانی ئەوەیدا لە نیوەی دووەمی خوێندنی ئەو ساڵەدا -سەرەڕای نارەزایی زۆری دایکی- واز لە خوێندنی تیۆلۆژیا بهێنێ و خۆی تەرخان بکات بۆ بابەتە کلاسیکیەکان، بەتایبەت شارستانیەتی دێرینی گریك. لەوانەی نیچە لە (بۆن)دا ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا کردن و بوونە هاوڕێی هەمیشەیی (ئەرۆین رۆد) بوو، کە لە دوایدا بووە مەرجەعێك لە مێژووی کۆنی گریك دا. ساڵی ١٨٦٥ کاتێك پرۆفیسۆر ریچڵ چووە زانکۆی (لایبزیك)، نیچەو ئەروین رۆد لە گەڵیدا چوون، تا لەوێ بە ئازادی خوێندن تەواو بکەن.

(٢)

هەرچەندە ئەو ماوەیەی نیچە لە (لایبزیک)دا بەسەری برد شتێکی وەهای تێدا نەبوو، بەڵام سەرەڕای ئەوە چەند ڕووداوێکی دیاریکراوی وای تێدابوو کە کاریگەری زۆری بەسەر ژیانیەوە بەجێ هێشت. لەوانە ڕۆژێکیان بە ڕێکەوت کتێبێکی کۆنی شۆبنهاوەری بەناوی (جیهان وەك ئیرادەو بیرۆکە)ی بەرچاو دەکەوێت و دەست دەکات بە خوێندنەوەی. لە ماوەی دوو هەفتەدا بۆ زیاد لە جارێك ئەو کتێبە دەخوێنێتەوە، وەك ئەوەی لە هۆش خۆی چووبێت، کاتێك لە خوێندنەوەی دەبێتەوە تێڕوانینی بۆ جیهان گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت.

لێرەوە هەر زوو گیرۆدەی دیدو بۆچوونەکانی شوبنهاوەر بوو، بەتایبەتی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت: (هیچ خوایەك لە ئارەدا نیە و چاودێری خوایانەش نیە، ژیان و گەردونیش مانایەکیان نیە. لە پشت هەموو ئەمانەشەوە جگە لە ئیرادەیەکی نابینا هیچی تر نیە. سەرەڕای هەموو کێشەو ژان و

## نیــچــه

ژارێـك ئـەم ئـیرادە سـەراپاگیرە نائەقڵانیـە شـتێکە -تەنها خۆیەتی- و چاوگی هەموو دیاردەکانە و لە رێی مێشکی مرۆڤەوە پەیی پێ دەبرێت. بەم جۆرە ئەوە تـەنها هـەر مرۆڤە کە هەست بەو ئـازارو ژانـە گەورەیـە دەکـات کـە لـە کـاروکردەوەی ئـەو هێـزە گەردونیـە نائەقڵانیـەوە دەکەوێتـەوە، بـەڵام مـرۆڤ توانـای ئـەوەی هەیـە ئـەو ئـازارە کـەم بکاتـەوەو تەنانــەت لــەناخی خۆشــی دا ســەرکوتی بکــات، ئــەویش لــە رێگــای فــەرامۆش کردنــی خــودو خۆبەدەستەوەدانەوە کە لە نیرڤانای خۆرهەڵاتی‌دا دەگاتە دوائاستی خۆی).

لـە زانکـۆدا نیچە بەشێوەیەکی تایبـەت کەوتـە ژێـر کاریگـەری فەیلەسـوفەکانی قۆنـاغی بـەر لـە سـوکرات. لـەو شـاعیرە کۆنانـەی گریـك کـە زۆر سـەرنجی راکێشـا (سـیۆگنیس میگـاری) بـوو، ئەوەبوو وتـارێکی لە بارەوە نووسـی. ئاسـتی ئـەم وتارەی هێندە بەرز بوو، وای لە پرۆفیسۆر (ریچڵ) کــرد لــە گۆڤــاری (مۆزەخانــەی رایــن)دا بــۆی بڵاوبکاتــەوە. ئــەم گۆڤــارەش تایبــەت بــوو بــە نوخبەیــەکی دیــاریکراو کــە لــە پاشــاندا نیچــە

بەشـداری تێـدا دەکـات. سـاڵی ١٨٦٧ بـەهۆی پەیوەندی کردنی بەسوپاوە لە یەکەیەکی تۆپخانە لە (ناومبۆرگ) بۆ ماوەیەك لە خوێندن دابڕا، بەڵام ئەو خزمـەت کردنـەی لـە ریـزی سـوپادا بـەجۆرە نەهامەتیەك تەواوکرد.

لـە نامەیـەکیدا بـە بـەرواری (٢٢- یۆنیـۆی- ١٨٦٧) ئەم رووداوەی بۆ هاوڕێی قۆناغی خوێندنی (ڤۆن غرزدرۆف) باسکردووەو دەڵێت: (رۆژێکیان لە خۆهەڵدانێکی کتـوپڕدا بـۆ سـەر پشـتی ئەسـپێك، سـنگم بـەر لێـواری زینـی ئەسـپەکە کـەوتو لـەلای چەپمدا هەستم بە ئازارێکی بێ ئەندازە کرد، بەڵام لە سواربوون بەردەوام بووم. بۆ ماوەی رۆژو نیوێك دووچاری ئێش و ئازارێکی زۆر بووم. لە ئێوارەی رۆژی دووەمدا دووجار لە هۆش خۆم چووم. رۆژی سـێیەم لـە جێگـەدا کـەوتم ، بەدەسـت ئـازارێکی زۆرەوە دەمناڵانـد. سـەرباری ئـەوەش سەریەشـەو تایـەکی زۆر دایگرتبـووم. سێ دانـە مـانگ هێڵـنج و رشانەوەم نەوەستا. دواجار کاتێك نـاو پێخەفەکـەم بەجێهێشت، لە حاڵـەتێکی هێنـدە کـاس و وڕدا بووم ناچار بووم سەرلەنوێ فێری لەڕێ رۆیشتن ببمەوە).

## نیــچـه

سالّی ١٨٦٧ کاتێك گەڕایـەوە (لایبزیك) لەگـەڵ ریچارد ڤاگنـەردا یـەکتریان ناسـی. ڤاگنـەر ئـەوکات بەسەردان چووبووە لای(برۆکهاوسی) خوشکی، لـە ماڵی ئەواندا نیچە شەوێکی لەگەڵ ڤاگنـەردا بەسـەر بـردو باسـیان لـە شـوپنهاوەر و مۆسـیقاکرد. لـە کۆتـایی دیدارەکەیانـدا ڤاگنـەر بەگـەرمی دەسـتی نیچـەی گوشـی و خۆشـحاڵی نیشـان دا لــەوەی ئومێدەوارە لـە درەفـەتێکی تـردا چاویان بەیەکدی بکەوێتـەوە. دووەمـین دیـداریان زوو بـە ئـەنجام گەیشـت. بەشـداری کردنـی نیچـە بـە نووسـین لـە گۆڤارێکی ئاست بەرزی وەك (مۆزەخانـەی رایـن)دا، بـووە مایـەی ئـەوەی لەلایـەن ئـەو ناوەندانـەی بایەخیان بە باس و لێکۆڵینـەوە کلاسـیکیەکان دەدا گرنگی پێ بدرێت.

لـە ئـەنجامی ئەمـەو لـەو سـاڵەدا پرۆفیسـۆر (ریچڵ) نامەیـەکی بەدەسـت دەگـات، لـەو نامەیـەدا پرسـیاری ئـەوەی لێدەکـەن کـە ئـاخۆ خوێنـدکارە لێهاتووەکەی، ئامادەیی ئەوەی تێدایە تا کورسـی مامۆستایی فیقهی زمانە کۆنەکان لە زانکۆی (بال) وەربگرێت؟ (ریچڵ) ئەو ئەرکـەی بە نیچە سپاردو

بۆ دامەزراندنیشی زۆر بە گەرمیەوە خۆی تەزکیەی کرد، هەرچەندە هێشتا بڕوانامەی دکتۆراشی وەرنەگرتبوو. لە تەمەنی بیست و چوار ساڵیدا بوو بە یەکێك لە ئەندامانی کۆنترین زانکۆ لە سویسرادا، چونکە ئەو زانکۆیەی ئەو تێیدا بووە مامۆستا مێژووی دروستبوونی دەگەڕایەوە بۆ ساڵی ١٤٦٠.

نیچە کاتێك لەوێدا دەست بەکاربوو، خۆشبەخت بوو بەوەی لەنێو هاوەڵەکانیدا دوو توێژەری ناسراویان تێدابوو، وەك: یەعقوب بۆرکهارت (١٨١٨-١٨٩٧) مێژوونووسی شارستانیەتی یۆنان و سەردەمی ریێنیسانس، لەگەڵ تیۆلۆژیەکی لیبراڵی وەك فرانز ئۆڤربك (١٨٣٧-١٩٠٥) پسپۆڕ لە مێژووی کڵێسادا. ئەم دووانە هەردووکیان بوونە هاوڕێ و رێنومایکەری. هاوکات دامەزراندنی لە (بال)دا هۆکارێك بوو بۆ تازەکردنەوەی پەیوەندیەکانی بە ریچارد ڤاگنەرەوە.

(٣)

## نیــچـه

ڤاگنـەر ئـەوكات لـە (تریپشـن)ی نزیـك (لۆسرن) دەژیا كە لـە (بال)ەوە زۆر دوور نـەبوو، بۆیـە هـەر زوو نیچـە سـەردانی كـردو ڤاگنــەریش بەگــەرمی پێشوازی لێكرد. كۆزیمـای هاوسـەری ڤاگنـەریش (كـە نزیكـە سـی سـاڵێك لـە ڤاگنـەر منـداڵتر بـوو) بەهەمان شێوە پێشوازی لێكرد. كۆزیما ئەگەرچی بە پێودانگە تەقلیدیەكە ئەو جوانـە نـەبوو، بـەڵام خــاوەن كەســایەتیەكی بــەهێز بــوو، هــەروەها بیركردنــەوەو خەســڵەتی تایبــەتی و ســەربەخۆی خۆی هەبوو. بەهۆی بلیمـەتی و بایەخدانی زۆری بـە مۆسـیقای ڤاگنـەر، كۆزیمـا نیچـەی بـە دڵـەوە گـرت. هەرچـی ڤاگنەریشـە بـەهۆی گرنگـی دانـی نیچــە بــە شــوێنهاوەرو شارســتانیەتی دێرینــی گریــك، زیــاتر لــە یەكــدی نزیــك دەبوونــەوە. سـەفەرەكانی نیچـە بـۆ (تریپشـن) زیـادی كـرد، بـە جۆرێــك وای لێهــات زۆربــەی پشــووی كۆتــایی هەفتەی لەگەڵ ڤاگنەرو كۆزیمادا بەسەر دەبرد.

دەربــارەی ڤاگنــەر، نیچــە لــە نامەیــەكیدا (١٧- ئابی- ١٨٦٩) بۆ ئەرۆین رۆد دەنووسێت: (ژیـان لێـرە زۆر دەوڵەمەنـدو بـە بڕشـتە، هـەموو

ئــــەوەی فێـــری دەبم و گـــویّ بیســـتی دەبم لـــە باسکردن نایەت. بڕوام پیّ بکەن هەتا ئێستاش شوپنهاوەرو گۆتەو بنداد و ئەسکیلۆس زیندون)!

نیچە لەوکاتەدا سەرگەرمی نووسینی یەکەمین کتێبی خۆی بوو دەربارەی (تراژیدیای یۆنانی). کاتێك خەریکی کۆکردنەوەی کەرەستەی پێویست بوو بۆی، ئومێدی ئەوەی هەبوو بتوانێت رۆحی جێرمانی بە چاکترین شێوە بژێنێتەوە. ئەویش لە ڕێگـــای کاریگـــەرێتی (هیلینیـــەت) و مۆســـیقای ڤاگنەرەوە، وەك ئەوەی خۆی لەو رۆژانەدا تێی گەیشـــتبوو. نیچـــە پێـــی وابـــوو لـــە نمایشـــە مۆسیقیەکانی ڤاگنەردا گەیشتۆتە حەقیقەتێکی وا کە لەو بەرهەمانەدا سیمایەکی هاوچەرخانەی تراژیـــدیای گریکـــی دۆزیوەتـــەوە، وەك ئـــەوەی ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس بەرهەمیان هێنابوو. رەنگـە ئەمـەش هۆیـەك بووبێـت لەوانـەی وایـان لێکردبێـت تـا کتێبـە تازەکـەی ناوبنێـت (گـورانی تراژیدیا لە رۆحی مۆسیقادا-١٨٦٩). بەرلەوەی ئەم باسە تەواو بکات ماوەیەکی کورتی دیکەی لە ریزی سوپای ئەڵمانیا لەکاتی جەنگی فەرەنساو

پرۆسـیادا (١٨٧٠-١٨٧١) بەسـەر بـرد، ئەمـەش بووە هۆی تێکچوونی زیاتری باری تەندروستی.

کاتێـك لـە زانکـۆی (بـال) وەرگـیرا، ناچـار بـوو رەگەزنامـەی سویسـری دەربهێنێـت. بـەڵام لەبـەر هەســتی زۆری نیشــتمانی لــەکاتی تێکچــوونی بارودۆخی وڵاتەکەیدا، بڕیاریدا پەیوەندی بکات بــەریزەکانی ســوپای ئــەڵمانیاوە. لەبەرئــەوەی بووبووە هاووڵاتیـەکی سویسـری رێگـەی پـێ نـەدرا لەگــەڵ هێزەکــانی ئــەڵمانیادا بچــێتە شــەڕەوە، هەروەها کزی چاوەکانیشی هۆکارێکی دیکە بوو بـۆ ئـەوەی بەشـداری ئـەو جەنگـە نـەکات. دواتـر تـوانی دەرفـەت وەرگرێـت تـاوەك خۆبەخشـێك لـە تیمە فریاگوزاریەکاندا کاربکات. سـەرەنجامی ئەم کــارەش خــراپ کەوتــەوە، چــونکە لــە کاتێکــدا هەندێك سەربازی بریندازی فەرەنسی لـە لۆریـەکی رەشــە وڵاخــدا بــۆ (کارلســروهی) دەگواســتەوە، تووشـــی پـــەتای (رەبـــووە) بـــوو. دوای چـــاك بوونەوەی ئەو باوەڕەی پێشووی بە ئەڵمانیا نەما، بەتایبەت سەبارەت بە پروسیا.

لــە (٧-نۆڤمبــەری- ١٨٧٠)دا نامەیــەك بــۆ غیــدزدۆرفی هــاوڕێی دەنووســێت و دەڵێــت: (راشـکاوانە پێتـی دەڵـێم: ئەمڕۆکـە مـن پروسـیا بەهێزێك دەبینم کە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر شارسـتانیەت.. پێویسـتمان بـە بڕێـك لـە دانـایی هەیە بۆ ئەوەی لەنێو ئەم گێژەن و بێ هۆشیەدا ئــەقڵ رون بــێن. قۆنــاغی داهــاتوو شارســتانیەت ململانێــی و زۆرانبــازی زۆری دەوێــت، بۆیــە پێویستە خۆمـانی بـۆ ئامادەکـەین). پێـنج هەفتـە دوای ئــەوە نامەیــەك بــۆ دایکــی و خوشــکەکەی دەنێرێــت و تێیــدا دەنووســێت: (مــن وا ئــیتر بەرەبـــەرە خۆشەویســـتی خـــۆم بـــۆ شـــەڕو فتوحاتەکانی ئێستای ئەڵمانیا لە دەست دەدەم).

نیچـــە ماوەیـــەکی زۆری پشـــودانی لـــە (نــاومبۆرگ) بەســـەر بــردو دایــك و خوشــکی چـاودێرییان دەکـرد. پاشـان لەگـەڵ ئەلیزابیسـی خوشکی دا چوو بۆ (لۆنمانۆ)، بـەو هیوایـەی لـە ئازارەکــانی کــەم بێتــەوە. کاتێــك بــە ڕێــڕەوی (قـەدیس گۆتهـارد)دا تێدەپـەڕی، خـۆی لەبـەردەم پیاوێکی بەتەمەنی خاوەن سیمایەکی تایبەت دا

بینیـەوە قسـەی بـۆ دەکـات. دوای کـەمێك بـۆی دەرکەوت ئەو پیاوە (مازینی) نیشتمان پەروەری بەناوبانگی ئیتالیایە. ئـەو دیـدارە ڕێکـەوت بـوو، بەڵام بە زیندوویی لە یادەوەری نیچەدا مایەوە.

(٤)

نیچە کاتێك گەڕایەوە (بال) باری تەندروستی لەوپەڕی خراپیدا بوو، بەڵام بە بەردەوامی کاری لە (گورانی تراژیدیا)دا دەکرد، تا لە دوارۆژەکانی ساڵی ١٨٧١دا تەواوی کرد. ئەم کتێبەی پڕی بوو لە دیدوبۆچوونی تازەو سەرسوڕهێنەر. ئەمەش وایکرد خەڵکی زۆر بە پیریەوە نەچن و چەند دانەیەکی کەمی نەبێت هیچی وای لێ نەفرۆشرێت، بەڵام ڤاگنەرو کۆزیما وەك لێیان چاوەڕێ دەکرا بە پیریەوە چوون. (هیچ کتێبێکم لەم کتێبەی تۆ جوانتر نەخوێندۆتەوە..، هەرچی تێدایە بەرزو شکۆدارە)، ڤاگنەر ئاوای بۆ نیچە نووسی بو. بە کۆزیمام وت: (دوای تۆ ئەوم لە هەموو کەسێکی تر خۆشتر دەوێت). هەروەها ڕۆدۆ ئـۆڤربکیش هـەمان هەڵوێستی ئـەوانی

هـەبوو، بـەڵام پرۆفیسـۆر (رچـڵ) بـێ دەنگیـەکی دیبلۆماسـی نیشـاندا، بـێ دەنگیەکەشـی بـێ هـۆ نـەبوو.. نیچـە گـوێی بـەو بۆچـوونە تەقلیدیانـە نەدەدا کە لە بارەی یۆنانیەکانـەوە لـە ئارەدا بـوو، بـۆ نمونـە وەك ئـەوەی دەڵـێن: گریکـە کۆنـەکان میللـەتێکی کـۆك و تـەباو، گەشـبین و بـەدەماغ بوون. بەڵام ئەو بە پێچەوانەی ئەمـەوە پێی وابـوو ئەوان (ئەمە یۆنانیەکانی سەدەی شەشەمی بەر لـە زایـین دەگرێتـەوە)، لـە ژیانیـان دا تووشـی رەشـبینیو گومـانێکی بێئەنـدازە بووبـوون، سـەرەڕای ئـەوەش بـە دوژمنایـەتی و حەسـودی پلانگێڕان دەور درابوون. ئـەم بۆچوونەش لەگـەڵ هەڵوێستی (بۆرکهارت)دا دەگونجێت.

نیچە هەر بەوەندەوە نەوەستا. ئەو پێی وابوو تراژیـدیای گریـك بـۆ نموونـە وەك ئـەوەی لای (ئەسکیلۆس) هەیە، لە هەوڵی ئەوەدا بووە بەسـەر ئەو دیدگا رەشبینەدا زاڵ بێت کە ژیـان ئافەرۆزە دەکات. ئەمەش لە ڕێی هەڵوێستێکی تراژیدیـەوە کـە لەسـەرو رەشـبینی و گەشـبینیەوەیە. هەڵوێستێك قارەمانانە تەئکید لەسەر بەهای ژیان

دەکاتـەوە، سـەرباری هـەموو ئـێش و ئازارەکـانی.
ئــەوەی کۆتــایی بــە جیهانبینیــە رەشــبینەکەی گریكو تراژیـدیای ئـەوان دێنێت بە باوەڕی نیچە جگـە لـە سـوکرات کەسـێکی تـر نیـە. هـەر بۆیـە شالاوێکی توند دەکاتە سەر ئەقڵیـەتی سـوکراتی، ئــەو ئەقلانیەتــە تیــۆری و پەتیــەی هۆکــاری لەناوچــوونی تراژیــدیای یۆنــانی بــوو، پــاش ئەسکیلۆس و سۆفۆکلیس.

نیچـە لـە سـاتەوەختی خۆیـدا و لـە هـەناوی رۆحیـــــــەتی جێرمانیـــــــەوە رەگوڕیشـــــــەی دیونیسیەتێکی بەدی دەکرد کە وەك هێزێکی دژ بە ژیواری (سوکراتیزم) لە چرۆ کردن دابوو، ئەم هێــزە تازەیــەش میــوزیکی ئــەڵمانی بــوو، لــە (بـاخ)ەوە بـۆ (پتهـۆڤن) و بـۆ (ڤاگنـەر). کەواتـە سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ رۆحی تراژیدیا ئەگەرێکی شیاوە لە رێی گیانی ئەڵمانی خۆیەوە، بەڵام ئەمە بەمەرجێك دەبێت ئەڵمانەکان بەر لە هـەموو شتێ ئامـادەی ئـەوەیان تێـدابێت بـۆ ئـەوەی لـە تـەنها گەلێکــەوە فێــربن، ئــەو گەلــەش یۆنانیــەکانن. فێربـوون لـە تـەنها ئـەو کەسانەشـەوە بـۆ خـۆی

شەرەفێکی گەورەیە. ڕۆحیەتی جێرمانی ناوبەناو ئامادەیی ئەوەی تێدابووە دەست بە هێزی دیونیتسیسیەوە بگرێت، هەر لە میوزیکەوە تا ئەفسانە تراژیدیەکانی. بێگومان مەبەست لەمەش ئەوەیە کە ڤاگنەر هەڵگری مەشخەڵی ئەم جۆرە میوزیکەیە.

بە بڕوای شۆپنهاوەر لەنێو سەرجەم هونەرەکاندا تەنها میوزیك دەتوانێت ڕاستەوخۆ گوزارشت لە ئیرادەی بوون بکات، هەر ئەویشە کە قووڵترین نهێنیەکانی ئەم ئیرادەیە دەگوێزێتەوە. نیچە کارە مۆسیقیەکانی ڤاگنەری بەهاوتای تراژیدیا یۆنانیە کۆنەکانی بەر لە یۆربیدس دادەناو پێی وابوو، ڤاگنەر ئەو هونەرمەندە بلیمەتەیە کە دەتوانێت بە باشترین شێوە لە ڕێی میوزیکی دیۆنیسیۆسیەوە، تەعبیر لە ئەفسانە تراژیدیە جێرمانیەکان بکات. خودی ڤاگنەر بە بۆچوونێکی لەم جۆرە ئێجگار دڵشاد و بەختەوەر بوو، بەتایبەت کە لەو کاتەدا (تریبشن)ی جێهێشتبوو لە (بایروت) لە ناوچەی (پاڤاریا) نیشتەجێ بووبوو. ڤاگنەر لەوێ سەرقاڵی

دامەزراندنی شانۆیەکی تایبەت بەخۆی بوو، بەو مەبەستەی بیکاتە پەرستاگەیەك و بەتەنهاش تایبەت بێت بە پێشکەشکردنی بەرهەمەکانی خۆی. ئەم کارەشی زوو بۆچووە سەرو سەرکەوتوو بوو تیایدا.

(٥)

لە بیست و دووی ئایاری ساڵی ١٨٧٢دا، ڤاگنەر بەردی بناغەی شانۆکەی دانا. لەنێو ئەو میوانە زۆرانەی بۆ ئەویَ داوەت کرابوون نووسەرێکی بەتەمەن و قارەمانێکی خاوەن بیرو بۆچوونی رادیکاڵی تێدابوو، ئەویش خاتوو (مالفیدا فۆن میزنبۆغ) بوو. مالڤێدا لەو بۆنەیەدا بۆ یەکەمجار چاوی بە نیچە کەوت و وەك هاوڕێیەکی دڵسۆزی مایەوە، ئەگەرچی هاوڕێیایەتیەك بوو نزیك لە دایکایەتیەوە.

لە (بایروت) ڤاگنەر ئەو مۆسیقارە بەناوبانگە نەبوو، وەك ئەوەی نیچە لە (تریبشن) ناسی بووی، بەڵکو بووبووە کەسێکی لوت بەرزو توڕەو ئیرەی بە کەسانی تر دەبرد. لەلایەکی ترەوە نیچە

له دۆخێكی رارایی و پشێویدا بوو. دوای ئەوەی لـە دەركردنـی كتێبـی (گـورانی تراژیـدیا)دا ئـەو سەركەوتنە چاوەڕوانكراوەی بەدەست نەهێنا، لـە هێـز و توانـای شارسـتانیەتی ئـەڵمانی كەوتـە گومانەوە. لە دەرفەتێك دەگـەڕا بۆ ئەوەی چی لـە ناخیدا هەیە بیخاتـەڕوو، ئەوە بوو دایڤد فردریك شتراوس كتێبێكی بەناوی (باوەڕی كۆن و باوەڕی نوێ)ەوە خستە بەردەستی خوێنـەران، ئـەم كتێبـە دەرفەتی قسەكردنی بۆ نیچە رەخساند. ئەگەرچی كتێبەكـە كتێبێكـی سـادەش بـوو، بـەڵام زۆرتـرین ژمارەی لێ فرۆشرا.

شـتراوس بەخودپەسـەندیەكی زۆرەوە لــەم كتێبەیدا باسی لەو دیدگا زانستیە تازەیە كردبوو كـە دەبێـت نـەك هـەر تـەنها جێگـای بیروبۆچوونە كـۆن و بەسەرچووەكان بگرێتـەوە، بـەڵكو دەبێـت چارەسـەر بـۆ كێشـەو گرفتـەكانی بـوونیش بدۆزێتەوە، بەتایبەت ئەو كێشەو گرفتانـەی مرۆڤ بەدەسـتیانەوە دەناڵێنێـت و لـە دادڕانـە رۆحیەكانیش قوتاری بكات.

## نیــچــه

ئـەم کتێبـە ململانێیـەکی ڕۆشـنبیری لـە نێـوان بیریـارە کۆنسـێرڤاتیڤ و رادیکاڵەکانـدا دروسـت کرد لە سەرتاسـەری ئـەڵمانیادا. نیچە یـەکێك بـوو لەوانەی رەخنەیەکی توندی ئاراستەی ئەم کتێبەو نووسەرەکەی کردو وتارێکی درێژی لـە بارەیـەوە نووسـی. لـەو وتـارەدا رووکەشـی هەڵوێسـتی نووسـەرەکەی خسـتبووە روو، هاوکـات ئەڵمانەکانی وریـا کردبووەوە لـە خۆفودان و لـوت بـەرزی بـەهۆی سـەرکەوتنیان بەسـەر فەرەنسیەکاندا. چـونکە رەنگـە سـەرکەوتنیان لـە رووی سـەربازییەوە تێکشـکانێکی شارسـتانی بەدواوە بێت. نیشانەکانی ئەگەرێکی لەو جۆرەش لەو شۆڕەت و نێوبانگەدایـە کـە کەسانی وەك (د. ڤ. شـتراوس) هەیانـە. ئـەم وتـارە نیچـەی رووبەڕووی رەخنەیەکی توند کردەوە، بـەو پێیـەی وتارەکـەی (نانیشـتمانیانە)یـە. بـۆ (غیـزردۆرف) دەنووسێت: (تـەواوی هێـزو تواناکـان لـە دژی من خراونەتەگـەڕ). لـە بیسـت و حـەوتی تشـرینی یەکـەمی ١٨٧٣دا راشـکاوانە وتـی: مـن لـە هـیچ

زانکۆیـــەکی ئـــەڵمانیدا جـــێم نابێتـــەوە، رەنگـــە (بال)یش هەمان هەڵوێست وەربگرێت.

تـــەموزی ســـاڵی ١٨٧٥ ڤاگنـــەر خـــەریکی مەشقکردن بوو لەسەر نمایشێکی مۆسیقی تر لە بـایرۆت. بـۆ ئەمـە نیچـە داوەت کرابـوو، بـەڵام بڕیاری ئەوەی نەدا کە بچێت. ئەمەش لەبەر چەند هۆیـەك، لەوانـە: ئـەو رۆژانـە بـاری تەندروسـتی بەرەو خراپی دەچوو، هەروەها لەگەڵ بێ هیوای و نائومێـدی زۆر لـە ڤاگنـەر. ئەگەرچـی هـاوینی داهـاتوو سـەردانی (بـایرۆت)ی کـرد، بـەڵام پەیوەندی نێوانیـان لەگـەڵ ڤاگنـەردا هـەر ساردو سـڕی پێـوە دیـار بـوو. تـازە رۆژانـی خۆشـی (تریبشن) بەسەرچوو بوو.

ڤاگنـەر سـەرەڕای لێهاتوویی و کارامـەیی لـوت بـەرزو لـەخۆبایی بـوو، چـاوەڕێی سـتایش و پیاهەڵـدانی زیـاتر بـوو لـە نیچـە. هاوکـات خـوی دابووە چەند بابەتێکی عیرفانی مەسیحی یاخود عیرفانیـــەتێکی پـــوچ و بـــەتاڵ، وەك نمونـــەی (پارســـیڤاڵ) و دەیویســـت لـــە ڕێـــی ئەمـــەوە کاریگەریـەك لەسـەر ئـەڵمانیاو ئـەوروپا دروسـت

بکات. نیچەش لە هەموو ئەم کارانەی ناڕازی بوو، هــەر بۆیــە بڕیاریــدا پەیوەنــدی خــۆی لــە گەڵیــدا بپچــڕێنێت. هــەمان ســاڵ (ریچــارد ڤاگنــەر لــە بــایرۆت)ی نووســی، ئــەم نووســینەی جــۆرە ماڵئاواییـەکی جوامێرانـە بـوو لـە هاوڕێی ڕۆژانی رابردووی. لەو نووسینەیدا ستایشی ئەو شتانەی لـە ڤاگنـەردا کردبـوو کـە شایسـتەی سـتایش و باسـکردنە. پێشـتر لـە باسـێکی دیکەیـدا لـەژێر سەردێڕی (شۆپنهاوەر وەك مامۆستایەك) ١٨٧٤، پێـوەی دیـار بـوو کـە سـەرەڕای سەرسـامی زۆری بـەو فەیلەسـوفە مەزنـە، جـۆرە رقێکـی بەرامبـەر چـــەمکی (نێرڤانـــا) و خۆبەدەســـتەوە دان لـــەلا دروســت بــووە. ئــەو پێــی وابــوو تەنانــەت گــەر گەردون بێ ئامانج و تـەواو خـاڵیش بێت لە مانا، بـەڵام هـەر مرۆڤێکـی خـاوەن ئیرادە دەمێنێـت تـا بەڕووی ژیاندا دەنگ هەڵبڕێ و بڵێت: "بەڵێ".

ئەمـەش لـە پێنـاو خوڵقانـدن و دروسـتکردنی مرۆڤی باڵاو، لە پێناو جۆرێك لە ژیانی بەرزو بڵند دایــە. هەرچــیەك رێگــا لەبــەردەم گەیشــتن بــەم ئامانجەدا بکاتەوە چاکەیەو، هەرچیەکیش کۆسپ

و ڕێگر بێت خراپەیە. هەڵوێستی نیچە سەبارەت بەم مەسەلەیە لە وتارێکیدا بەناوی (زەرەرو زیانەکانی مێژوو بۆ ژیان) بەدەردەکەوێت. لە سالآنی پڕ لە ژەنگ و ژاری زۆرو زەوەنددا، نیچە هەر سوور بوو لەسەر ئەوەی بە ژیان بڵێت: (بەڵێ). هەر ئەم هەڵوێستەش بوو وای لێکرد لە هەریەك لە ڤاگنەر و شوپنهاوەر جیابێتەوە. سەرەڕای ئەو ڕۆڵە گرنگەی ئەوان لە قۆناغی سەرەتای ژیانی فیکری ئەودا بینیان.

نیچە وەختێك خۆی لەژێر کاریگەری شوپنهاوەرو ڤاگنەرو هەموو جۆرە میتافیزیکایەکی ڕۆمانتیکیانە ڕاپسکان، گرنگی دا بە تێڕوانینە زانستیە ئیجابیەکان. لەمەودوا ئەوەی جێ بایەخی ئەو بوو ڕەخنەگرتنی ریشەیی بوو لە هەموو سیماو دیاردەکانی داوەشان و گەندەڵی ژیاری خۆرئاوا، چ لەسەر ئاستی فەردی بێت یاخود دەستەجەمعی. سەرەتای ئەم کارەی بە ڕەخنەکردنی قۆناغ و سەردەمی خۆی دەست پێکرد، ئەمەش لە دوو

## نیـچـه

بەشـی یەکـەمی کتێبەکـەیدا (مرۆڤانـە، زێـدە مرۆڤانە)دا بەدەردەکەوێت.

ئەوانـەی لـەم قۆناغـەدا نیچـە کەوتـە ژێـر کاریگەریانـەوە زیـاتر بیرمەنـدە فەرەنسـیەکان بـوون، نمونـەکانیان وەکـی: مۆنتـان و ڤـۆلتێر و رۆشـۆفۆکۆ و ستـاندال. هـەروەها لەگـەڵ چـەندین نوسـەری گـەورەی تـری وەك: ئیمرسـۆن و دۆستۆیەڤسـکی. لـە ئەڵمانیـەکانیش نیچـە نەیدەتوانی سەرسامی خۆی بەهەریـەك لـە گۆتـەو شیللەرو هۆڵدەرلین بشارێتەوە.

لـە دوای سـاڵی ١٨٧٦وە توانـای بینینـی کـز بوو، هـەروەها تەندروستیشـی خـراپتر بـوو. بۆیـە ناچار بـوو شـتەکانی خـۆی بەهەریـەك لـە (پیتـەر گـازت) و (پـوڵ ڕی) بنووسـێتەوە. ئەلیزابیسـی خوشکیشـی لـەم ماوەیـە زۆر بـە تەنگیـەوە بـوو. ئـەلیزابیس بـە پێچـەوانەی نیچـەوە ئـافرەتێکی عەمەلی و باوەڕ بەخۆ بوو، زۆر لـە هـەوڵی ئەوەدا بـوو کـەمێك ئـێش و ئازارەکـانی براکـەی کـەم بکاتەوە. بەڵام رۆژ بە رۆژ باری تەندروستی نیچە بەرەو خراپتر دەچوو، تا ناچار بوو ساڵی ١٨٧٩

دەست لەکار کێشانەوەی خۆی وەك مامۆستایەك لە زانکۆی "بال" رابگەیەنێت. ئیتر لەو رۆژەوە بووە (وێڵگەردێکی ئەبەدی) و سەری بەهەموو جێگایەکدا دەکرد. هەندێ جار دەچووە سویسراو پاش ماوەیەك رووی دەکردە ئیتالیاو فەرەنسا، جارناجاریش سەری ئەڵمانیاشی دەدا.

ئەو کاتانەی ئازارەکانی کەم دەبوونەوەو هەستی بە پشوویەکی کورت خایەن دەکرد، زۆر بە گەرمی دەستی دەکردەوە بە نووسینەوەی هەموو ئەو شتانەی دەیوویست بیاندرکێنێت. بەڵام لەبەرئەوەی رۆژبەرۆژ هاوڕێکانی لێی دوور دەکەوتنەوە، ئەمە وای لێکرد هەست بە تەنهاییەکی قوڵ بکات. هیچ یەکێك لەو کتێبانەی لە دوای (گورانی تراژیدیا)وە نووسینی، وەك: (مرۆڤانە زێدە مرۆڤانە و سپێدەی رۆژ و زانستی شاد) پێشوازیەکی ئەوتۆیان لێنەکرا، نە لەلایەن خوێنەرانەوەو نە لەلایەن رەخنەگرانەوە.

(٦)

## نیچە

بەهاری ساڵی ١٨٨٢ چووە ئیتالیا، خاتوو (مالڤیدا) داوەتی کرد بۆ ئەوەی بچێتە رۆماو وەختێ لەگەڵ دکتۆر (ڕی)دا بەرنە سەر. لەوێدا چاوی بە (لۆسالۆمی) کەوت، (لۆ) کچی ژەنەراڵێکی روسی بەناوبانگ بوو لە خانەدانەکانی (سان پەترۆسبۆرگ) و بۆ خوێندن هاتبووە رۆما. سەرەڕای ئەوەی بە تەمەن منداڵ بوو، بەڵام خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز و خانمێکی شۆخ و شەنگ بوو. هەر ئەمە وای لێکرد سەرنجی زۆرێك لە پیاوان بەلای خۆیدا رابکێشێت. ئەوانەی کەوتنە داوی خۆشەویستی ئەم خانمەوە ژمارەیان کەم نەبوو. سەرەتا دکتۆر (ڕی) فەیلەسوف پەیوەندی لەگەڵدا بەست. زۆرکات دکتۆر (ڕی) لە دانیشتنەکانیدا لەگەڵ (لۆسالۆمی) باسی نیچەی هاوڕێی بۆ دەکرد، (لۆ) خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بۆ بینینی هاوڕێکەی.

نیچە لەسەر داوای (ڕی) رووی کردە رۆماو لەیەکەم دیداردا کەوتە داوی خۆشەویستی (لۆسالۆمی)یەوە. بیری لەوە کردەوە بیخوازێت و ژیانی هاوسەری لەگەڵ دروست بکات. ئەم

داوایەی بە (ڕی) وت تا بیگەیەنێتە (لۆ)، بەڵام (لۆ) داواکەی رەت کردەوەو نەیدەویست پەیوەندیەکەیان لە هاوڕێیەتی زیاتر تێپەڕێت. نیچە بەو وەڵامەی رازی نەبوو، بۆیە هەوڵی دیکەی بۆ خستەگەڕ. بەڵام دواجار هەمووی بە شکست کۆتایی هات و لێکدی جیابوونەوە. ئەوکاتەی لە یەکتر جیابوونەوە نیچە لە تەمەنی سیو هەشت ساڵان دا بوو. لە دەست دانی (لۆ) میحنەتێکی قورس بوو، وای لێهات بەبێ ئەفیون خەوی لێ نەدەکەوت. دوای ئەوەی ئەو ئەزموونە تاڵەی لەگەڵ (لۆ)دا بینی، تەواو دەستی لە ژن هێنان شۆری. نیچە بە ئیرادەیەکی زۆرەوە ئەو نەهامەتیەی بڕی و دوای ئەوە گەورەترین شاکاری فەلسەفی- شیعری خۆی نووسی: (زەرادەشت وەهای وت).

یانکۆ لاظرین[١]

نیـــچـه



و: شوان ئەحمەد

# فریدریش نیچە

## (١٨٤٤-١٩٠٠)

هیچ یەك لە فەیلەسوفانی ئەڵمان هێندەی "فردریش نیچە" توشی بەدحاڵی بوون و خراپ بەکارهێنان نەهاتوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فیکری هیچ یەکێك لەوان هێندەی فیکری ئەو گەشەی نەسەند و کاریگەریان لەسەر فیکر و فەلسەفەی سەدەی بیستەم بەجێنەهێشت.. رەنگە هێندەی لە بارەی "نیچە"وە نوسرا بێت، لە بارەی هیچ یەك لە فەیلەسوفانی دیکەی ئەڵمانەوە نەنوسرابێت.

لەوکاتەوەی Lou Salome هاوڕێی ساڵی ١٨٩٤ کتێبێکی دەربارەی نوسی، کتێب گەلێکی بێ ئەژمار سەبارەت بە ژیان و فەلسەفەی ئەو بڵاوکراوەتەوە، رەنگە لەم ڕووەوە دیارترینیان لێکۆڵینەوەکەی "جۆرج سمیل" بێت کە ساڵی

١٩٠٧ بــه نــاوی (نیچـــه و شــوّپنهاوەر)ەوە، بلاّویکــردەوە. هــەروەها دوو کتێبەکــەی "کــارڵ یاسـبەرز" (نیچـه) ١٩٣٥، (نیچـه و مەسـیحیەت) ١٩٤٦. دواجـار نابێـت لێکۆڵینـەوەکانی "مـارتن هایدگەر"یشمان لە یاد بچێت، بە تایبەت کتێبە قـەوارە گەورەکـەی (نیچـە) ١٩٦١. ئـەو کتێبــە تــەواوی ئــەو لێکچــەرانەی لــەخۆگرتبوو کــە "هایدگـەر" لـە نێـوان سـالاّنی (١٩٣٦-١٩٤٣) لـە زانکۆی فرایبۆرگ دەربارەی "نیچە" وتبویەوە.

هەرچـەندە "نیچـە" بـۆ ماوەیـەکیش چـیە لـە ناوەندی رۆشنبیری ئەڵمانی غایب نەبووە، بەلاّم لـــە ســـاڵی ١٩٩٥ گرنگـــی زیـــاتر و زۆرتـــری پێـدەدرێت، چـونکە لـەو کاتـەوە ئەڵەمانـەکان لـە خۆئامادەکردنـدان بـۆ ئاهــەنگ گێـڕان بـە بۆنـەی تێپــەڕبوونی ســەدەیەك بەســەر مردنــی ئــەودا. کۆتـایی مـانگی ئابی ٢٠٠٠، یـادی سـەد ساڵەی مردنی "نیچە" بوو.

بــەم بۆنەیەشــەوە چــەند چـاپێکی تــەواوی بەرهەمــەکانی بلاّوکرایــەوە، رەنگــە گرنگترینیــان ئــەوە بێــت کــە بەسەرپەرشــتی "جــۆن فــایگڵ"

چاپكراوه و تەواوی ئەو دەستنوسانەی تێدایە كە "نیچە" لـە تەمـەنی شـەش ساڵیەوە نوسـیویەتی.
لەگەڵ ئەمەشدا چەندین لێكۆڵینـەوە و وەرگێڕانـی بەرهەمەكانی دیكەی كەوتنە بەردەستی خوێنەران و بەشـێكی ئـەو لێكۆڵینەوانــەش بایــەخیان بــەو وێنەیـەی "نیچـە" داوە كـە خـاوەنی ئیرادەیـەكی پــۆلاین و وردبینیــەكی زۆر بــووە و لــە هــەوڵی دروســتكردنی گــۆڕانێكی ریشــەیی و بنەڕەتیــدا بووە.

بەشێكی دیكـەی ئـەو نوسینانەی لەسـەر ئـەو نوسـراون، باسـیان لـە قۆناغـەكانی ژیـانی ئـەو و گەشـەكردنی فیكـری ئـەو كـردووە، هـەروەها ئـەو ئێش و ئازارە فیكری و جەستەییان نیشانداوە كە پێیانەوە گرفتار بووە.

دواجار "نیچە" سەلماندی كە فەلسەفەكەی تا ئێستاش فەلسـەفەیەكی كارایـە و ئامـادەگی خـۆی هەیە، بە جۆرێك توانا و كاریگـەرێتی ئـەو لەسـەر دروسـتبونی نوێگـەری خۆرئـاوا و قۆنـاغی دوای ئەویشدا ناكرێت لەبەرچاو نەگیرێت.

## نیـــچـه

"فـردریش نیچـه" لـه ١٥ی تشـرینی یەکـەمی ساڵی ١٨٤٤ لـە گونـدێکی بچـوك کـە پێـی دەڵـێن Rocken و دەکەوێتـــە ولایـــەتی سەکســـۆنیا لـــە خۆرهـــەڵاتی وڵاتـــی ئـــەڵمانیا، لـــە خێزانێکـــی ئیمانـداری پرۆتسـتانت مەزهـەب هاتۆتـە دنیـاوە. باوکی لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا دەمرێت و دوای ئەو و لە کۆتایی تـەموزی سـاڵی ١٨٤٩ خانەوادەکەی روودەکەنــە شــاری Naumburg، چـونکە داپـیرەی (دایکی باوکی) لەوێ دەژیا. لـەو شارە خرایە بەر خوێنـدن و فێـری نوسـین و خوێندنـەوە بـوو. لـەو ماوەیـــەدا توانـــای ئـــەوەی هـــەبوو نمونـــە بـــەو حیکمەتانـــەی نـــاو تـــەورات بهێنێتـــەوە، ئەمـــەش وایلێکـرد ژنـە لـە خواترسەکانی خانەوادەکەی بە چاوی رێزەوە سەیری بکەن و بە قەشە بچکۆلەکە بانگی بکەن..

بـــەهۆی زیرەکـــی و بلیمـــەتی خۆیـــەوە لـــە قوتابخانـــەی Pforta (کـــە دەکەوتـــە نزیـــك شـــاری Naumburg) وەرگـــیرا. ئەمـــەش قوتابخانەیـــەکی ناوخۆیی بوو، ناوبانگیشـی بـەو پەیڕەوپرۆگرامـە توندوتۆڵە رۆیشتبوو کە دژایـەتی هـەموو شتێکی

نویێ دەكات و بە تەنها گرنگی بە رۆحی كۆن و رابردوو دەدات.. سەرەڕای ئەو شێوە ژیانە میلیتاریەی ناو قوتابخانەی Pforta، بەڵام "نیچە" دەستی دایە نوسینی چەند پارچە شیعر و مۆسیقایەك و لەو سەروەختەشدا بە "هۆڵدەرلین"ی شاعیری ئەڵمانی سەرسام بوو.

ساڵی ١٨٦٤ دەچێتە زانكۆی (بۆن) بۆ خوێندنی تیۆلۆژیا، بەڵام زوو وازی لە خوێندنی ئەم بوارە هێناو ساڵی ١٨٦٥ چووە زانكۆی لایبزیگ تا خۆی بۆ خوێندنی فیلۆلۆژیا تەرخان بكات. ئەگەر چی "نیچە" دەستبەرداری خوێندنی تیۆلۆژیا بوو، بەڵام دواتریش بەسەر تەواوی بەرهەمەكانیەوە تارمایی تیۆلۆژیا دەبینرێت، تەنانەت دەبێتە ئەو دەستە نادیارەی لە پشتەوە دەیجولێنێت.

گرنگترین شتێك بۆ ئەو لە لایبزیگ ئاشنابوون بوو بە "شۆپنهاوەر" و كتێبەكەی (جیهان وەكو ئیرادە و وێناكردن)، ئەم كتێبە بۆ ئەو شۆكێكی فیكری و چركەساتێكی گۆڕانكاری سەرەكی و چارەنوسساز بوو.

## نیــچـه

کاتێك له تشرینی یەکەمی ١٨٦٧ بانگهێشتی سەربازیکرا لە سوپای پروسیای ئەڵمانیدا، لەو کاتەدا وێنەی "شۆپنهاوەر"ی لەسەر مێزەکەی دانابوو. هەرچی جارێکیش ئازارێکی توش بهاتایە بە توانجەوە هاواری دەکرد و دەیووت: (دەخیلتم شۆپنهاوەر فریام کەوە!). "نیچە" زۆر لە ریزی سوپادا نەمایەوە، چونکە دوای ئەوەی لەسەر پشتی ئەسپ دەکەوێتە خوارەوە، سنگی دەشکێت و بەو هۆیەوە کۆتایی بە راژەکەی دێت.

لەسەرەتای ساڵی خوێندنی ١٨٦٨ گەڕایەوە لایبزیگ و لە تشرینی دووەمی ئەو ساڵدا لە ماڵی خۆرهەڵاتناسی ئەڵمانی "هیرمان برۆکهاوس"، چاوی بە "ریچارد ڤاگنەر" کەوت (برۆکهاوس مێردی خوشکی ڤاگنەر بوو). لەو دیدارەیاندا "نیچە" و "ڤاگنەر" حاڵی بوون لەوەی هەر دووکیان وەك یەك سەرسامن بە "شۆپنهاوەر" و فەلسەفەکەی.

لێکۆڵیاران راهاتوون بەوەی ژیانی فیکری "نیچە" بەسەر سێ قۆناغی تایبەتیدا بەش بکەن:

-قۆناغی یەکەم لە ساڵی ١٨٦٩ تا ساڵی ١٨٧٦ دەخایەنێت. لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا و بە یارمەتی "فردریش ریچڵ"ی مامۆستای، بوو بە مامۆستای فیلۆلۆژیا لە زانکۆی بازلی سویسرا (شایەنی باسە لەو کاتەدا هێشتا بڕوانامەی دکتۆرای وەرنەگرتبوو). لەوێوە هاوڕێیەتی ناجێگیری لەگەڵ "ریچارد ڤاگنەر"دا دەستی پێکرد کە ئەو کات لە شاری Tribschen (شارێکی نزیك لە بازل بوو) دەژیا. ئەو کات "نیچە" زۆر سەرسام بوو بە مۆسیقای "ڤاگنەر" بە تایبەتی ئۆپێرای Tristan and Isoide.

لە ئابی ١٨٧٠ مۆڵەتی لە زانکۆ وەرگرت و وەك خۆبەخشێك چووە ریزی سوپای ئەڵمانیا کە ئەو کات لەگەڵ فەرەنسا لەشەڕدا بوو. دوای شکستی فەرەنسا لەو جەنگەدا "نیچە" بە کۆمەڵێك نەخۆشی درێژخایەنی نوێوە گەڕایەوە ئەڵەمانیا و تا مردنیش لە دەست ئەو دەردانە قوتاری نەبوو. لە سەرەتای ساڵی ١٨٧٢ یەکەمین کتێبی خۆی لە ژێر سەردێڕی (گورانی تراژیدیا)دا بڵاوکردەوە. لەم کتێبەدا هەوڵی داوە

تا خۆی له "شۆپنهاوەر" رزگار بکات، چونکه ئەو تیۆریایــەی پــێ قبــوڵ نــەبوو کــه "شــۆپنهاوەر" لەسـەر تراژیـدیای یۆنـانی هـەیبوو، لـه بەرامبـەردا بــۆ خــۆی تیۆریایــەکی تــازە دێنێتــه ئــارا بــۆ تێگەیشــتن لــه تــەواوی ترادســیۆنی یۆنــانی.. دەکرێت تەواوی ترادسیۆنی یۆنانیش لـه هـەردوو زاراوەی (Dionysos, Apollo) کورت بکەینەوە.

Apollo خواوەندی خەیاڵ و هونەر و دڵنیاییه.

Dionysos خواوەندی مـەیی و کامـەرانی و چێژ و پیت و فەڕە.

"نیچــه" پێــی وایــه یۆنــانی کــۆن یەکــەمین کەســانێك بــوون چارەســەری تراژیــدیایان بــەوە کـردووە کـه شکۆیان بـه ژیـان دۆسـتی بەخشـیوە، ژیان دۆستیەك که پایەکانی بریتین لـه زیندەگی و چــێژبینین، ئەمەشــیان لــه وتــەزای (ئاکــاری دیۆنیسیۆسـی)دا کورتکردبـووەوە. هـەروەها پێـی وایــه شــێواندن و پایــانی تراژیــدیای یۆنــانی، هاوکاته لەگەڵ هاتنه ئاراو دەرکەوتنی هەریـەك لـه لـــــۆژیکی "ســــــوکرات" و شـــــانۆنامەکانی "یۆربییدس".

بەو پێیەشی کە "یۆرببیدس" لە ژێر کاریگەری "سوکرات"دا بووە، ئەوا "نیچە" هەموو بەرپرسیارێتیەکە دەخاتە ئەستۆی "سوکرات". ئەوەتا دەڵێت: (لۆژیك و ئەقلانیەتی سوکرات بوونەمایەی لەناوچونی تراژیدیای یۆنانی تەقلیدی کە پشتی بە ململانێی نێوان خواکان و مرۆڤ بەستبوو). بێگومان هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو ئەو بە فەلسەفەی یۆنانی بەر لە "سوکرات" سەرسام بوو.

وەکو "شۆپنهاوەر" پێی وابوو "ڤاگنەر" تەعبیر لە بلیمەتی هونەر دەکات، بۆیە خۆزگەی دەخواست و پێشبینیشی دەکرد کە تراژیدیای یۆنانی لەسەر دەستی "ڤاگنەر" ببوژێتەوە. لەبەرئەمەش بوو کتێبی (گورانی تراژیدیا)، "ڤاگنەر"ی سەرسام کردو تەنانەت وەها وەسفی کرد کە جوانترین کتێبێکە خوێندبێتیەوە. ڕادەی سەرسامی بەم کتێبە، وای لێکرد هیچ یەك لە هاوڕێکانی بێ بەش نەکات و سەرو دانەیان بۆ بنێرێت.

بەڵام لە "ڤاگنەر" بترازێت کتێبەکە ئەو دەنگدانەوەیەی نەبوو کە "نیچە" لە هاوپیشەکانی و لە "ریچڵ"ی مامۆستای چاوەڕێی دەکرد، چونکە هەموو ئەوانە وەکو خاتوو "بریجت لاهان" دەڵێت: (بڕوایان بە سوکرات هەبوو نەك بە دیونیسیوس و ژیانیشیان وەکو ئیرادەیەك بۆ گەمەکردن و چێژ وەرگرتن سەیر نەدەکرد).

هێندەی نەبرد دوای لە چاپدانی (گورانی تراژیدیا) و لە نیسانی ١٨٧٢ "ڤاگنەر" و "کۆزیما"ی هاوسەری چون بۆ Bayreuth، ئەمەش "نیچە"ی تورە کرد و لای وابوو ئەو "ڤاگنەر"ە رادیکالییەی پێشوو لە لایەن پاشای پاڤاریاوە کەوی کراوە و ئەمەش سەرەتای تێکچونی پەیوەندی نێوانیان بوو. تا کۆتایی ئەم قۆناغەش "نیچە" هەر گرنگی بە کلتور و ناوە دیارەکانی سەردەمی خۆی دەدا و چوار وتاری رەخنەیی ئاگرینی نوسی و لە کتێبی (بیروڕاگەلێکی ناوەخت) کۆیکردنەوە. لەم کتێبەدا سەرسامی خۆی بە زۆر لە ناودارانی بواری فیکر و هونەری

بـــەر لـــە خـــۆی نیشـــان دەدات، لەوانـــەش "شـۆپنهاوەر" و "ڤاگنـەر".. یەکـەمین وتـاری لـەم زنجیرە وتارە لە ساڵی ۱۸۷۳ نوسی و دەربارەی نوسەری ناسراوی ئەڵمانیای ئەو وەختە "دایڤد فردریش شتراوس" بوو، ئەویش بە بۆنەی بڵاو بوونـــەوەی کتێبـــی (بـــڕوای کـــۆن و نـــوێ)ی "شتراوس"ەوە بوو.. لەو وتارەدا "نیچە" زۆر بە توندی هێرش دەکاتە سەری و نوسەرەکەی وەك نمونەیـــەکی بـــەد و خـــراپ بـــۆ فێرخـــوازە کۆنسێرڤاتیڤ و سونەتیەکان نیشان دەدات.

دووەم و ســـێیەم وتـــاری لـــە ســـاڵی ۱۸۷٤ بڵاوکـــردەوە و دووەمیـــان دەربـــارەی (ســـود و زیانـــەکانی مێـــژوو بـــوو)، تیایـــدا بـــاس لـــەو دەستەواژەیە دەکـات کـە دەڵێـت: (لای هـیگڵ و هارڵمان فیکری مێژوویی لە پێش مەسەلەکانی ترەوەیە). سێیەمین وتاری بە ناوی (شۆپنهاوەر وەك مامۆستا) بوو. ساڵی ۱۸۷٦ دواین وتاری لە ژێـر سـەردێڕی (ریچـارد ڤاگنـەر لـە بـایرۆت)دا نوسـی.. ئـەم وتـارە کۆتـایی بـە پەیوەنـدی نێـوان خۆیی و "ڤاگنەر" هێنا، چونکە ئەو پێی وا بوو

## نیــچـه

ئەو وتارە هەوڵێکی چەپەڵە لە لایەن "نیچە"وە تا بسەلمێنێ کە ئەو مۆسیقیەکی فێڵباز و درۆزنە و خەڵکی لە خشتە دەبات.

زۆر جاران ئەوانەی بە "نیچە" و "ڤاگنەر"ەوە خەریکن لە هۆکاری تێکچونی پەیوەندیەکانی نێوانیان دەپرسن، لەمبارەشەوە لێکۆڵینەوەی نوێ لە ئەڵەمانیادا هەیە کە باس لە سەرەتای ئەو پەیوەندیە و هەڵکشانی دەکات.. باس لەوەش دەکات چۆن دواتر "نیچە" دەست بە پرۆسەی (کوشتنی باوك) دەکات. ئەم کارەش کە ئەو دەیکات هەنگاوێکە بۆ خۆڕزگارکردن لە دەست دەسەڵاتی ئایکۆنەکانی سەردەمەکەی و بۆ ئەوەیە تا ئایکۆنەی تایبەتی خۆی دروست بکات، یاخود هەوڵێك بووە بۆ ئەوەی خۆی لە ڕێگەی وەلاوەنانی ئەوانی ترەوە بسەلمێنێ. دوای ئەوەی نەخۆشی سەروچاوی زۆری بۆ دێنن، لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٨٧٦ ناچار دەبێت مۆڵەتی نەخۆشی بۆ ماوەی ساڵێك وەرگرێت. لەو ماوەیەدا سەردانی ئیتاڵیا دەکات و ماوەیەك لە

شاری ناپۆلی دەژی، هاوکات سەردانی بۆجی و گرکانی فیزۆف و دوورگەی کابری دەکات.

لە ناپۆلی دکتۆر وریای دەکاتەوە و پێی دەڵێت: (یان دەبێت واز لەو عەزابە فیکریە بهێنی کە تیایدا دەژی یان ئەوەتا ئەقڵت لە دەست دەدەیت). لەوە بەدواوە تێگەیشت کە هەرگیز چاك نابێتەوە و هەمان چارەنوسی باوکی دەبێت.

–قۆناغی دووەم لە ساڵی ١٨٧٧ دەست پێدەکات و لە ساڵی ١٨٨٢ کۆتایی دێت.. لەم ماوەیەدا سنوری نێوان ژیان و فیکری کاڵ دەبێتەوە و بە شێوەیەکی چاکتر لە خۆی نزیك دەبێتەوە، لە ڕێی نزیکبوونەوەشی لە خۆیەوە لە قۆناغی بڕوا بوون بە ئایدیالەکانەوە پێ دەنێتە قۆناغی بڕواهێنان بە مرۆڤ و مەسەلە ئینسانیەکان.. ژمارەیەك لە کتێبە بەناوبانگەکانی لەم قۆناغەدا بڵاوکردەوە. ساڵی ١٨٧٨ بەرگی یەکەمی کتێبی (مرۆڤانە زێدە مرۆڤانە – Menshliches/ Allzum enschliches)ی بڵاوکردەوە، دواتر لە ساڵی ١٨٧٩ بەرگی دووەمی بڵاوکردەوە و ئەم دێڕەشی بۆ ناونیشانی کتێبەکە زیادکرد

(كتێبێك بۆ ڕۆحه ئازادەكان) و پێشكەشيشی كرد بە "ڤۆڵتێر"، بەو پێیەی یەكێكە لە مەزنترین ئەو كەسانەی لە پێناو ئازادكردنی ئەقڵی ئینساندا ڕەنجیداوە، پێشكەشكردنەكەش بە بۆنەی لە دنیا دەرچوونیەوە بوو لە ٣٠ی مایسی ١٨٧٨.

هەمان ساڵ (واتە ساڵی ١٨٧٩) نەخۆشیەكانی گەیشتە ئاستێك توانای ئەوەی لێ بڕی بخوێنێتەوە یان لەسەر وانە وتنەوەی زانكۆ بەردەوام بێت، بۆیە لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا دەستی لەكار كێشایەوە و بە موچەیەكی كەم كە لەلایەن زانكۆوە بۆی بڕابووەوە دەیگوزەراند. دوای ئەوەی دەستی لەكار كێشایەوە خوی بەوەوەگرت كە وەرزی زستان لە شارەكانی باشوری ئەوروپا بەرێتەسەر، بەتایبەتی لەهەردوو شاری (نیس و جەنەوا).. لە وەرزی هاوینیشدا دەچووە كوێرە لادێیەك لە قەدپاڵی چیاكانی ئەلپ لە باشوری سویسرا، ئەو گوندەش پێی دەڵێن Sils-Maria. لەوێدا ژورێكی پەڕپوتی بەكرێ گرتبوو (ئەمێستا ئەو جێگایە كراوە بە مۆزەخانە!).

جوانترین کتێبێك کە باس لە مانەوەی "نیچە" دەکات لەم گوندە شاخاوییەدا، کتێبەکەی "پاول ڕابە"یە (هاتوچۆکانی نیچە لە Sils-Maria) ١٩٩٤.
ئەو ساڵانەی لەو گوندەدا بەسەریبرد بەرنامەیەکی زۆر قورسی بۆ خۆی دانابوو، ئەمەش وایکرد بەرهەم گەلێکی بێشومار بنوسێت..

بەیانیان زوو سەعات ٥ لە خەو هەڵدەستا بە نوسینەوە خەریك دەبوو، دوای ئەوە دەستی دەکرد بە ڕێڕۆیشتن و سەرکەوتن بەسەر ئەو شاخ و داخانەدا کە دەوری گوندەکەیان دابوو. وەختێکی زۆری بە پێ دەبڕی و زۆربەشی بە ژێر باراندا بوو. ئێوارانیش نانێکی سوکی دەخوارد و پاشان لێی دەنووست.. کە ڕۆژیش دەبووەوە لەسەر هەمان ریتمی پێشوو بەردەوام دەبوو، بێئەوەی بزانێت ماندوو بوون چییە.

ساڵی ١٨٨٥ کتێبی (کۆچەر و سێبەرەکەی) بە چاپ گەیاند. لە تەموزی ١٨٨١ کتێبی (سپێدە)ی بڵاوکردەوە و تیایدا بیرو بۆچونی زۆر بوێرانە دەربارەی حوکمە ئەخلاقییەکان خستبووە

نیـچـه

ڕوو.. لـــه ئـــابی ١٨٨٢ کتێبـــه ترســـناکەکەی (زانستی شاد)ی بە چاپ گەیاند.

"نیچـــه" لـــه ڕێکخســـتنی کتێبـــەکانی و هەڵبـــژاردنی ناونیشـــانەکانیاندا زۆر ورد و بـــه دیقـەت بـوو.. لـەم قۆناغـەش بـە دواوە ئەسـتەمە تێکسـتەکانی کـورت بکرێتـەوەو چـاکتر وایـە سـەراپایان وەك تێکسـتێکی تـا سـەر ئێسـقان مرۆڤدۆسـتانە بخوێنرێتـەوە، کـە ڕەنگدانـەوەی ژیـان و ئـازار و گەشـەی فیکـری بـێ سـنوری خۆیـەتی. گـرنگترین شـتێکیش کتێبـەکانی ئـەم قۆناغەی لە قۆناغی پێشوتر جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە سەرجەمی نوسینەکانی ناوی گەڕانەوەیە بۆ لای خـۆی و دابڕانێکـی یەکجاریشـە لەگـەڵ رابـردووی تەقلیـدی و ئایدیالسـتیدا. هەڵوێسـتی "نیچـە" لـە نوسـینی ئـەم قۆناغەیـدا هەڵوێسـتی فەیلەسـوفێکی رەشـبینی بەدگومانـە کـە ئـێش و ئـازارە نـەبڕاوەکانی ناچـاری دەکـەن پـەی بـە حەقیقەت بەرێ یاخود شاهید حاڵێك بێت لەسەر بوون و ئامادەگی حەقیقەت.

لەم قۆناغەدا کاری ئەو بەگژاچونەوەی بەهاو داب و نەریتی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەکانی پێشوترە.. هەر بۆیە بە تێبینیە پرژاوو تازەکانیەوە و لە ڕێی زمانەوە، پێ دەنیتە بازنەی ئەو مشتومڕەی لە دژی مۆراڵی تەقلیدی دەستی پێکردووە.. بۆ نموونە ئەو پێی وایە حەقیقەت بونی نییە و ئەوەی هەیە تەنها لێکدانەوەو شرۆڤەکردنە. زمانیش بۆ خۆی ڕاستیەکان دەشارێتەوە، لە کاتێکدا مرۆڤ پێی وایە لە ڕێی زمانەوە پەی بە حەقیقەت بردووە، بەڵام بێ ئاگایە لەوەی ئەوەی ئەو کردوویەتی، تەنها دروستکردنی جیهانێکی هاوشێوەیە بە تەنیشت جیهانی واقیعەوە.

ئەوەی لای "نیچە" بە حەقیقەت دادەنرێت، بریتییە لە رستێك زیادەڕۆیی مەجازی و لێکدانەوەی زمانەوانی کە میللەتێك دوای زۆر بەکارهێنانی، گەشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەمە ڕاستی حاشا هەڵنەگرە و وەکو بەڵگە نەویستێك سەیری دەکات. ئەو حەقیقەتانەی وەرمانگرتوەو بۆمان ماوەتەوە، تەنها وەهم و خەیاڵپلاوی

ئەبستراکتن و لە ڕێی ئیرادە و هوشیاریەکی ڕەخنەیشەوە دەتوانین خۆمانی لێ قوتار بکەین.

هەروەها پێی وایە ئەخلاق ڕێژەییەو حوکمە ئەخلاقیەکانیش حەقیقەتی ڕەها نین و بۆ هەموو ئان و زەمانێك دەست نادەن.. بۆ نمونە حوکمی ئەخلاقی لە سەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی دی گۆڕانی بەسەردا دێت و تەنانەت لەیەك سەردەمیشدا بە پێی جیاوازی شوێن و کلتور دەگۆڕێت. لێرەوە لە کتێبی (سپێدە)دا داوادەکات بۆ ئەوەی سەر لە نوێ بە حوکمە ئەخلاقیەکاندا بچینەوە، ئەویش لە ڕێی گێڕانەوەیان بۆ سەرچاوە و ڕەگوڕیشەی سەرەکیان. گەر بێتو ئێمە دەست بە خوێندنەوەی مێژووی هەر ئەخلاقێك بکەین، دەبینین سەرەتا بە دەستبەرداربوونی ئەخلاقی کۆن دەستی پێکردووە و دوای ئەوەش خەڵکی بۆ ماوەیەکی زۆر وەکو چاولێکەری پەیڕەویان کردووە، ئەمەش وایکردووە تا ببێتە بەهاو ئاکارێکی تازە. ئاشنابون و پەیبردن بە هۆکارە مێژویی و دەرونیەکانی دروستبونی ئاکارێك، بەرەو

ئەوەمان دەبات کە پێوەندگی بەها تەقلیدیەکان ئافەرۆز بکەین.

"نیچە" پێی وایە خواستی سەرکەوتن و بردنەوە ئەو هۆکارە نادیارەیە کە لە پشت هەموو رەفتارێکی ئەخلاقی یاخود ئاینییەوەیە، تەنانەت یەکسانیخوازیش بە مەبەستی پاراستن و مسۆگەرکردنی داهاتوی خودەو دواجار خۆشویستنی ئەوی دیش جگەلە خۆشویستنی خود شتێکی تر نییە.

هاوکات "نیچە" هەڵوێستێکی دوژمنکارانەی لە مەسیحیەت هەیە، ئەویش لەبەر هۆکارگەلێکی وەك ئەوەی ئەگەرچی مەسیحیەت دەست بەرداری هەندێك ترادسیۆنی وەسەنی یۆنانی و هەندێك بەهای میتافیزیکی نەبووە، بەلام دەستی لە شێواندنی سروشتی مرۆڤایەتیدا هەبووە، لەوانە شێواندنی بەهای سەروەری (سەروەر بەشێوەیەکی خۆرسکانە خواستی کۆشش و بەدەستهێنانی هێزی هەیە و خەسڵەتی سەرەکیشی بریتییە لە خود ئەڤینی و چێژ بینین لە ژیان)، بەلام مەسیحیەت هات و ئەم بەهایانەی

بە بەها گەلێکی وەك (دان بە خۆدا گرتن و زەلیلیو خۆبەدەستەوەدان) گۆڕی کە بەهای کۆیلەن. بۆیە پێی وایە رزگاربون لە دەسەڵاتی مەسیحیەت، یەکەمین هەنگاوە بۆ گەیشتن بە قۆناغی (ئەقڵی ئازاد و بوێر).

دژایەتیکردنی ئاینی مەسیحیەت لەلایەن "نیچە"وە لە کتێبی (زانستی شاد)دا گەیشتە ئەوپەڕی، بەتایبەت لەوەسفکردنی ئەو سۆپەرمانەی سۆراخی خواوەند ناکات و لە دوای ناگەڕێت.

-سێهەمین قۆناغ کە لە ساڵی ١٨٨٢ وە تا ساڵی ١٨٨٨ دەخایەنێت، دەکەوێتە گەڕان و هاتوچۆکردنێکی بەردەوام لە نێوان شارەکانی سویسرا و فەرەنسا و ئیتاڵیاداو زۆر بە شاری تۆرنیۆ سەرسام دەبێت، کە بوو بە دوا مەنزڵی لەو سەفەرانەیدا.

گرنگترین روداوی ئەم قۆناغەی، پەیوەندی بەستنی بوو لەگەڵ خانمێکی خەڵکی روسیا بە ناوی "لۆسالۆمی" و لە سەروەختی چونی بۆ شاری رۆما لە مانگی نیسانی ١٨٨٢دا چاوی

پێی کەوت و یەکتریان ناسی. ئەم خانمە دواجار دەبێتە یەکێك لە ناودارترین ئافرەتەکانی سەردەمی خۆی.

پەیوەندی "نیچە" بە ئافرەتەوە، بابەتێکە بیروبۆچونی ناکۆك و ناچونیەکی لەسەرە، بەڵام بە گشتی دەتوانین بڵێین پەیوەندیەکی ناهەموار و دوژمنکارانەبووە، ئەویش لەبەر هۆکارگەلێك، لەوانە: پەیوەندی قوڵ و پتەوی لەگەڵ ئافرەتانی بنەماڵەکەیدا و پاشان توشبونی بە نەخۆشی (سیفلیس)، بەهۆی ئامشۆکردنی یەك لەو ماڵانەی لە شفرۆشی تیادا دەکرا، ئەمەش لەو سەردەمەدا بوو کە دەیخوێند. هەروەها لە گرنگترین ڕوداو بەسەرهاتەکانی ئەم قۆناغە: مردنی "ڤاگنەر" بوو. "نیچە" بە مردنی گەلێك غەمبار بوو، کاتێك هەواڵەکەی پێدەگات بۆ یەکێك لە هاوڕێکانی دەنوسێت و دەڵێت: (ڤاگنەر کامڵترین پیاوێك بوو لە ژیانمدا بینیبێتم). ئەگەرچی لەم قۆناغەدا نەخۆشی زۆری بۆ هێناو باری تەندروستی زیاتر تێکچوو، بەڵام لێشاوێك بەرهەمی نوسی و ئەو کارانەش وایانکرد ناوی بە نەمری بمێنێتەوە و

نێوبانگێکی بۆ خۆی بچڕێت. لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٨٨٣ و ١٨٨٥ گرنگترین و بەناوبانگترین کتێبی خۆی (زەرادەشت وەهای وت) بڵاوکردەوە. لەسەر بەرگی یەکەمی ئەو کتێبەی نوسی بوو: (ئەمە کتێبێکە بۆ هەموان و بۆ تەنها کەسێك نییە).

لە چەندین نامەشیدا بە (ئینجیلی پێنجەم) ناوی بردبوو. لەم کتێبەیدا لە روی شێواز و قوڵی فکریەوە، گەیشتبووە لوتکە. ساڵی ١٨٨٦ کتێبی (لە دو دیوی چاکە و خراپە)وەی بە چاپ گەیاندو وەکو سەرەتایەك بۆ فەلسەفەی ئایندەی لەقەڵەمدا. ساڵی ١٨٨٧ دەستی کرد بەسەرلەنوێ چاپکردنەوەی بەرهەمەکانی پێشوی، هەروەها کتێبە بەناوبانگەکەی (ژینالۆژیای مۆراڵ)ی بەچاپ گەیاند.

دواهەمین کتێبی ئەم قۆناغەی (ئیرادەی هێز) بوو، بەڵام لە پاش مردنی خۆی و بەسەرپەرشتی "پیتەر گاست"ی قوتابی و "ئەلیزابیس"ی خوشکی کە مێژوویەکی درێژی لە دژایەتیکردنی جولەکەدا هەیە بڵاو بووەوە. "ئەلیزابیس" بووە

مایەی شێواندنی ئەم کتێبەی کە زۆرێك پێیان وایە یەکێك بووە لە هۆکارەکانی تەشەنەسەندن و بەهێزبوونی نازیستەکان.

لەم قۆناغەدا "نیچە" پێی وایە ئەرکی مەزنی لە پێش دەمدایە و دەبێت خۆی بۆ بە ئەنجام گەیاندنیان سازبدات، ئەم ئەرکانەش وەکو خۆی مەزەندەی دەکردن لە قوڵایی ناخیەوە دەهاتن نەك لە سەرچاوەیەکی دەرەکیەوە، جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانەش وزەو توانایەکی بێشومار و سەرکێشیەکی بەردەوامی دەوێت.

گەورەترین ئەرکیش هەڵسەنگاندن و بژارکردنی بەهاکانە، ئەویش بە خۆقوتارکردن لەو ئایکۆنانەی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو لە بوارەکانی ئایین و هونەر و سیاسەتدا دروستی کردون. ئەو بە پێویستی دەزانی مرۆڤ لە دەسەڵاتی ئەو ئایکۆنانە رزگار بکات، بۆ گەیشتن بە ساتە وەختی عەدەمیەت و پاشان دەستپێکردنەوەی سەرەتایەکی نوێ.

ئەم پرۆسەیەش لە ڕێی ئەو دید و بۆچونە نیچەویە تازانەوە دەبێت کە فانتازیای خۆی

خولّقاندویـــەتی و بریتییـــە لـــە ســـێ گۆڕانکـــاری مەزنی رۆح. لە سەرەتادا رۆح (وشترێکی ملکەچ و پشودرێژە) و لە ژێر باری بەهاوترادیسیۆنی کۆن و ڕزیـودا بڕستی لەبەر بڕاوە. دوای ئـەوە دەبێـت بـە (شـێر) و دەنـگ هەڵـدەبڕێت و دەڵێـت: (مـن دەمـــەوێت!)، بـــۆ ئـــەوەی بکەوێتـــە رامـــاڵینی ئـەژدیهای بـەهاو ترادسـیۆنی کـۆن و بـە خۆشـی دەڵێـت! (لـە سـەرت پێویسـتە!). ئێمـە بۆ ئـەوەی ئـیرادەی ئـازاد و سـەربەخۆمان هـەبێت و بتـوانین بڵێین (نا)، ئەوا پێویستیمان بەوە هەیە کە رۆحـی شێرمان هەبێت.

دواجار رۆح لە (شێر)ەوە دەبێت بە (منداڵ)و دەبێتـە خـاوەنی رۆحـی (مرۆڤـی بـاڵا) و ئەمـەش سەرەتا و دەسپێکێکی نوێیە، هەر بۆیە جڵەو بۆ خـــەیاڵی شـــل دەکـــات و دەکەوێتـــە ناوگەمـــەی ئەفراندن و داهێنانەوە.

هـــەر لـــەم قۆناغـــەدا "نیچـــە" کـــە بـــە جەســـتە دەردەدار بوو، پێـی وا بـوو تێرمـی (ئیرادەی هێـز) دەتوانێـت باشـترین گوزارشـت لـە فەلسـەفەکەی بکـات و ئـەم تێرمـەش لـەلای خۆیـەوە پشـت بـە

هــەردوو زاراوەی مرۆڤــی بــاڵا — Ubermensch و گەڕانــەوەی هەمیشــەیی – Ewige wiederkehr دەبەستێت. لێرەوە پرسیاری سەرەکی لەلای ئەو بوو بەوەی: چۆن چۆنی دەکرێت (مرۆڤی باڵا) یان (کلتوری باڵا) دروست بکەین؟

لـە کتێبـی (زەرادەشـت وەهـای وت) کەوتـە تـاوتوێکردنی تێرمـی (ئـیرادەی هێـز)، هەرچـی زاراوەی (مرۆڤـی بـاڵا)یشـە بـۆ یەکـەمین جـار لـەو دەستوسـانەیدا بـەکاری هێنـابوو کـە لـە تەمـەنی حەڤدەساڵیدا نوسیبونی.

لەو تەمەنەوە "نیچە"ی لاو جیاوازی لە نێوان دوو جـۆر مرۆڤـدا کـردووە: مرۆڤـی ئاسـایی و مرۆڤـی مـەزن و باڵا و خانـەدان.. مرۆڤـی ئاسـایی خــەمی گــەورەی ئەوەیــە ژیــانێکی زۆر بــژی، تەنانــەت گــەر ئــەو ژیانــەش بــێ مانــا و بــێ مەبەستیش بێت، بەڵام مرۆڤـی مـەزن مرۆڤـی بـاڵا رۆح و خانـەدان بـە دوای ژیـانی نەمریـدا وێڵـە، ئەگەرچـی کـورت و کـەم خایـەنیش بێـت.. هـەر کەسـێك بگەڕێتـەوە سـەر دەستنوسـەکانی لـەو

ماوەی لە زانکۆی (بازل) بووە، دەبینێت کە ئەو لە ژێر کاریگەری فەلسەفەی خۆرهەڵاتدا بووە.

یـەکێك لـە گـرنگترین خەسـڵەتەکانی (مرۆڤـی بـاڵا) ئەوەیـە، توانـای بەرجەسـتەکردنی ئایـدیای (گەڕانــەوەی هەمیشـــەیی) هەیــە.. (گەڕانــەوەی هەمیشـــەیی) ئایـدیای ســەرکیە لــە (زەرادەشــت وەهــای وت) و پێشــتریش لــە کتێبــی (زانســتی شـاد)دا، وەکـو گـرنگترین ئایدیایـەك کـە ئـەو کـات تــەعبیری لـــە فەلســـەفەکەی دەکـــرد، هێنابویــە بـــەرباس. ئایـــدیای (گەڕانـــەوەی هەمیشـــەیی) بەشێوەیەکی کتوپڕ و لە کاتی سەردانی هاوینـەی بـەردەوامی بـۆ (سـیلزمایار) بـە مێشـکیدا هـات. ڕۆژێکـی هـاوینی سـاڵی ١٨٨١ و سـەروەختێك لـە کـەنار دەریاچـەی Silvaplana پیاسـەی دەکـرد، لـە ناکـاو ئـەو بیرۆکەیـەی بـۆ دێـت و دەسکێشـەکانی دادەکـــەنێ و قەڵـــەم و ڕۆژمێرەکـــەی دەردێنـــێ و تۆمـــاری دەکـــات. لـــەم قۆناغـــەدا دەیـــەوێت بەشـێوەیەکی زانسـتی (گەڕانـەوەی هەمیشـەیی) بسـەلمێنێ، لێـرەوە هەوڵیـدا ئەمـە بـە ئایـدیای (مرۆڤی باڵا)وە گرێ بدات. (مرۆڤی باڵا) ئیرادەی

شـێری هەیـە و بـەهای کـۆن تێکوپێـك دەدات و دەگاتـە دۆخـی عەدەمیـەت. لـە هەمانکاتیشـدا رۆحـی منـداڵی هەیـە و لـە گەڕانـەوەی بەردەوامدایـە، بـۆ ئـەوەی سـەرلەنوێ دەسـت پێبکاتـەوە. لـە دارشـتنەوەی چـەمکی (ئـیرادەی هێـز)دا، "نیچـە" کـەوتبووە ژێـر کاریگـەری فەلسـەفەی هەریـەك لـە "سپینۆزا و شۆپنهاوەر و چارلزدارون". ئەم سێ بیریارە پێ لەسەر گرنگیو فەزیلەتی ئیرادە دادەگرن، بە تایبەتی "دارون" کە پێی وایە تەواوی شێوازەکانی ژیان یەك مەبەست و ئامانجیـان هەیـە ئـەویش (ئـیرادەی مانەوەیـە). لـەم پاشـخانەوە "نیچـە" داخـڵ بـە ئایـدیای عەدەمیـەت – Nihilismus (واتـە پوچـی و بـێ بەهایی هەموو بەهایەك) دەبێت.

ئـەوپێی وایـە ترادسـیۆنی یۆنـانی/ مەسـیحی بـەردەوام لەناوخۆیـدا ئـەم عەدەمیەتـەی شـاردۆتەوەو ئـەو یەکـەمین کەسـە کـە پـەردەی لەسـەر هـەڵماڵێوە و ئاشـکرای کـردووە و تـەواوبوون و گەیشـتن بـە دوا قۆنـاغی خـۆی راگەیاندووە.

هــەروەها بــاس لــەوەش دەکــات کــە لاواز و گرنگنــەکان گومــان لــەم کــارەی دەکــەن، بــەڵام هێزدارەکــان (مرۆڤــی بــاڵا) پێیــان وایــە ئەمــە سەرەتایەکی نوێیە بۆ هێنانە ئارای سستمێکی نوێ و ئاکارێکی تازە، لە بری ئەو شتە کۆنانەی بەسەرچــون و شــلۆق بــوون و پــیرۆزی خۆیــان دۆڕانــدووە. لێــرەوە "نیچــە" دەچــێتە قۆنــاغی پێشبینی کردنەوە و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لە ئایندەدا چاکە و خراپە بە پێی پرانسیپی سود و بەرژەوەندی دیاری دەکرێن، ئەمەش بە مەبەستی خۆپاراستن لە زەرەرو زیان بە دەستخستنی هێز و دەسەڵات. ئەم بیرو بۆچونانەشی بەشێوەیەکی دیالۆگ ئامێز داڕشتووە و دەڵێت:

–خێر و چاکە چییە؟

–هــەموو ئــەو شــتانەیە کــە هێــز و توانامــان دەمەزەردەکات بۆ کارکردن و کرانەوە.

–ئەی شەڕ و خراپە چییە؟

–هــەموو ئــەو شــتانەیە کــە لــە سســتی و لاوازیەوە دێن.

–ئەی بەختەوەری چییە؟

–هەستکردنە بەوەی هێز و دەسەڵاتمان گەشە دەکات و لە زیادبووونندایە.. بێگومان ئامانجی مرۆڤ بەختەوەری نییە، بەڵکو دەسەڵاتی زیاتر و زۆرترە. ئاشتی نییە، بەڵکو جەنگ و شەڕ و شۆڕە. خەسڵەتی نەرم و نیانی نییە، بەڵکو لێهاتوی و شارەزاییە. بەمجۆرە دەتوانین پرۆژەی فیکری "نیچە" لەوەدا کورتبکەینەوە کە: (مرۆڤایەتی بەکاریگەری –ئیرادەی هێز– و لە چوارچێوەی –گەڕانەوەی هەمیشەییدا– دەسوڕێتەوە، لە ماوەی ئەم سوڕانەوانەشیدا بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات: یەکەمیان، تەواوی خەڵك و خوا بڕوا بە ترادسیۆن و ئایین دەهێنن، بەڵام هەر زوو لە ناو ئاپۆرەی خەڵکیدا (مرۆڤی باڵا) سەر دەردەکات و قەڵەمبازێك بە مرۆڤایەتی دەدات، تا دەیگەیەنێتە دوامەنزڵ و ئەم قەڵەمبازانەش خۆی لە (جاڕدانی مەرگی یەزدان) و پاشان لە قۆناغی (نیهلیزم) و (ڕاگەیاندنی گەندەڵبونی بەها تەقلیدیەکان و هەوڵدان بۆ دروستکردنی بەهای نوێ!)دا بەیاندەکات!.

## نیــچـه

لــه کۆتــایی ئــەم قۆناغــەدا ١٨٨٨، چــەند دەستنوسێکی تازە دەنوسێت: (کێشەی ڤاگنەر، ئـاوابونی بتـەکان، نیچـە دژی ڤاگنـەر، ئـەنتی مەسـیح و Eccehomo). زۆربـەی کتێبـە فەلسەفیەکانی "نیچە"، رەنگ و بۆی تیۆلۆژیان هەیە. رەخنە توندەکانی لە ئینجیل، نوسینەکانی سپینۆزامان بە بیر دێنێتەوە و بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو لە نزیکەوە ئاگاداری ئینجیل بووە. هەرچەندە لە پێشەکی کتێبی (Eccehomo)دا دەڵێت: (ئەم کتێبەم بۆیە بلاوکردەوە تا لە دوایدا ستایش نەکرێت)، بەلام دەتوانین بڵێین ئەم کتێبەی لەسەروەختی بورانەوە و لە هۆش خۆچوندا نوسی و باشترین گوزارشت لەو هەستە زۆرەی دەکات بەوەی چ کەسێکی گەورە و مەزنە. نەسکەکانی ئەم کتێبەی ناونیشانی تەنز ئامێزی هەیە، وەك: (من بۆچی هێندە زیرەك و دانام؟) و (بۆچی من ئەم کتێبە قەشەنگانە دەنوسم؟).

ئەو پێی وا بوو پێشوەخت هاتۆتە دنیاوە و کاتی ئەو نەهاتووە. هەر لەم کتێبەدا پێشبینی زۆر لەو ڕوداوانە دەکات کە لە پاش خۆی ڕوو

دەدەن. بۆ نمونە پێشبینی دەکات جیهان شەڕ و شۆڕێك بەخۆوە دەبینێ کە پێشتر ڕووینەداوە و سەرچاوەی ئەمەش دەگێڕێتەوە بۆ ململانێی ئایدیۆلۆژی لە ئەوروپادا.

گرنگترین شتێك لەم کتێبەدا قسەی لێ کردبێت، ئەوەیە کە فەلسەفە (وەکو خۆی تێی گەیشتبوو ئەزمونی کردبوو، بریتیە لە ژیانی ئازاد لە نێو بەستەڵەك و چیا سەرکەشەکاندا، بریتییە لە پرسیار و مەعریفەی ئازاد و پێکۆڵکردنی حەقیقەتی ڕەسەن، ئەو حەقیقەتەی لە ژێر لێکدانەوە و تەفسیری ناکۆتادا بزر بووە!).

لە ٣ی کانونی دووەمی ١٨٨٩ "نیچە" لەسەر یەکێك لە شەقامەکانی شاری تۆرینۆی ئیتاڵیادا، بە بێهۆشی دەکەوێتە سەر زەوی و لە ڕۆژی هەشتی ئەو مانگەدا هاوڕێی بە ئەمەك و دۆستی دێرینی لە زانکۆی (بازل) "فرانز ئۆڤربیك"ی مێژوونوس، دەیباتە نەخۆشخانەیەك لە (بازل) و دەردەکەوێت کە توشی ئیفلیجی زەینی بوو. دایکی زو بە دەنگیەوە دێت و دەیگەێنێتە (Jena)و دەخرێتە ژێر چاودێری وردی پزیشکیەوە. ڕۆژی

## نیــچـه

١٣ی مایســـی ١٨٩٠ دایکـــی هێنایـــەوە بـــۆ ناومبۆرگ. لـەوە بـەدواوە باری تەندروستی ڕووە و خـراپتر دەچـوو. لـە سـاڵی ١٨٩٢ نەیـدەتوانی میوانـــەکانی بناســـێتەوە و لـــە ١٨٩٤ توانـــای قسەکردنی نەما.

دوای ئـــەوەی لـــە نیســـانی ١٨٩٧ بـــەهۆی نەخۆشـیەوە دایکـی مـرد، کەوتـە ژێـر چاودێری "ئەلیزابیس"ی خوشکییەوە لە (ڤایمار) و لـەوێ مایـــەوە تـــا وەختـــی لـــە دنیـــا دەرچـــونی، لـــە پاشنیوەڕۆی ڕۆژی ٢٥ی ئابی ١٩٠٠ و لە زادگای خۆی بە خاك سپێردرا!

بە درێژایی سەدەی بیستەم "نیچە" کاریگەری لەسەر زۆرێك بیریار و سیاسەتمەداری ئەڵمانیا و دەرەوەی ئـــەو وڵاتـــە هـــەبووە، ئـــەوەتا "مـــاکس ڤیبـەر" لـە سـاڵی ١٩٢٠ دەنوسـێت: (ئـەو دنیـای ئەمڕۆ تیایدا دەژین، زۆر بە قوڵی لەژێر کاریگەری مـارکس و نیچـەدایە). لەلایـەکی تـرەوە "مـاکس هۆکهایمـەر" پێـی وا بـوو: (نیچـە زۆر لـە مـارکس مەزنتر و قوڵترە!).

کاریگەری و شوێن دەستی ئەو لە بواری ئەدەبیشدا، بە بەرهەمی هەر یەك لە "ریلکە و کراوس و مۆزیل و هانیرش مان و تۆماس مان و هێرمان هێسە و ئەندریێ ژید و جۆتفرید بن و نەجیب مەحفوز و.. هتد) دیارە. "جۆتفرید بن" پێی وایە: (لە مارتن لۆتەرەوە، نیچە گەورەترین بلیمەتی وڵاتی ئەڵمانیایە!)، واتە بەلای (Benn) وە "نیچە" لە پێش "گۆتە" شەوەیە. "تۆماس مان"یش یەکێکە لەوانەی لەسەردەمی گەنجێتیەوە، بەکارەکتەر و بەرهەمەکانی "نیچە" سەرسام بووە و ئەمەش زیاتر لە رۆمانی (دکتۆر فاوست) و لێکچەرەکانیدا دەردەکەوێت. بەلای "تۆماس مان"ەوە، "نیچە" (قارەمانە چاونەترسەکەی جیهانی فیکرە و بیرو بۆچونەکانیشی پڕی بلیمەتییە). "تۆماس مان" ساڵی ١٩٤٧ ئەم قسانەی لە لێکچەرێکدا دەربارەی "نیچە" کرد.

هەروەها لە بواری دەروونناسیشدا کاریگەری ئەو لە باسکردن نایەت، ئەوەتا فەیلەسوفی هاوچەرخی ئەڵەمانی "پیتەر سۆڵتەردایك"

دەڵێت: (فرۆید خۆی لەوە دەپاراست باسی نیچە بکات و ماوەیەکی زۆریش دەیویست بیشارێتەوە کە ئەو زۆرێك لە تێرم و بۆچونەکانی خۆی لەو وەرگرتـــــووە)، بڕوانـــــە: (Focus ٣٤ /٢٠٠٠). سـەبارەت بـە کاریگـەری فەلسەفیشـی، دەتـوانین شوێن دەستی بیر و بۆچونی ئەو بەسـەر نوسینی هەریـەك لـە: "کـارل یاسـبەرز و مـارتن هایدگـەر و پـۆل ڕیکـۆر" دیاریبکـەین. هاوکـات کاریگـەری قوڵیشـی لەسـەر بیریارانی وەك: "میشـیل فۆکـۆ و ژاڵ دێریـدا و ژیـڵ دیلـۆز و پیتـەر سولٚتەر دایـك و جیـانی ڤـاتیمۆ" هـەبوو. وەك "یۆهـاننس سـاڵتز فیـدیل" دەڵێـت: (بیر و بۆچـونەکانی نیچـە بوونـە مانیڤێستی پۆست مۆدێرنە)، بڕوانە: (٣٤ /٢٠٠٠ Der Spiegel). بەڵگـەش بـۆ ئەمـە ئەوەیـە کـە جـاڕدانی مـەرگی یـەزدان لای ئـەو، ڕاگەیانـدنی مـەرگی مـرۆڤ و مـەرگی نوسـەر و مـەرگی یـاخود کۆتایی مێژووی بە دوای خۆیدا هێنا!! سـەرەڕای ئـەمان، بـەڵام زۆرجـار لـە لایـەن چـەپی ئەڵـەمانی یـاخود ئەوروپییـەوە، "نیچـە" بـەوە تاوانبـار دەکرێـت کـە ئـەو لـە پشـت نـازیزم و ئـەو

ماڵوێرانیانەوەیـــە کـــە لەســـەردەمانی ئەوانـــدا رویاندا.

ئـــەوەی زۆر بەتونـــدی داکـــۆکی لـــەم بۆچـــونە دەکـــات، "جـــۆرج لۆکـــاچ"ەو ئەمەشـــی لـــە کتێبـــی (گۆڕانی چارەنوسسان)دا باسکردووە کە لـە ساڵی ١٩٤٧ نوسیویەتی. "لۆکاچ" لـەو کتێبەیدا داوای ئایدیۆلۆژیایـەکی ئەڵـەمانی نـوێ دەکـات. سـاڵی ١٩٦٦ لـــە بەشـــێکی کتێبـــە قـــەوارە گەورەکەیـــدا (وێرانبـونی ئـەقڵ) بـە ناونیشـانی (لـە نیچـەوە بـۆ هتلەر)، "لۆکاش" ئەو تۆمەتە دووبارە دەکاتـەوە. دوایـــن کتێبـــیش کـــە لـــەم بارەیـــەوە نوســـرابێت کتێبێکـــــی "ســـــتیڤان ئەشـــــهیم"ە کـــــە لـــــە سەرەتایئەمساڵدا (٢٠٠١) و لــە ژێــر ســەردێڕی (نیچە و ئەڵەمان)دا بڵاویکردۆتەوە.

ئەم کتێبـە بەشـێوەیەکی دیکۆمێنتی تاوتوێی تیۆریاکـــەی "لۆکـــاچ" و کەســـانی هـــاوڕای ئـــەو دەکـــات، لەمـــەڕ کاریگـــەری "نیچـــە" لەســـەر ڕای گشـتی گـەلی ئەڵـەمانیا بـەر لـە مردنـی تـا کۆتـایی رایخی سێهەم.

## نیــچــه

"ئەشهیم" لە کتێبی (نیچە و ئەڵەمان) دا تەواوی سەرەڕۆییەکانی سەدەی بیستەم دەخاتە ئەستۆی "نیچە"، ئەویش بەهۆی کاریگەری زۆر و زەوەندی لەسەر ئاقارە سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتیە جۆراو جۆرەکان.. بۆ نمونە کاریگەری لەسەر نازیست و مارکسیست و رەگەز پەرستەکان و هەروەها گروپە ئاناشیستەکان. بەڵام ئەم جۆرە کتێبانەو هەروەها کتێبی (نیچە و نازیزم)ی "برنارد تاوریك" ١٩٨٩ و تەنانەت ئەو وێنە بەناوبانگەشی ساڵی ١٩٣١ "هتلەر" نیشاندەدات لە مۆزەخانەی ڤایمار و لەبەردەم پەیکەری "نیچە"دا وەستاوە و لێی دەڕوانێت، کورتکردنەوەی "نیچە" یەو تاونبارکردنیەتی بە تاونێك کە ئەو لێی بێبەرییە. زۆرێك لەو کاتیگۆریانەی پێی تاوانبار دەکرێت بە تایبەت لە (ئیرادەی هێز)دا، خاڵی هاوبەشی سەرجەم نوسەرانی سەردەمی خۆی بووە. هەندێك لەو شتانەی رەخنەی پێ ئاڕاستەی "نیچە" دەکرێت، ئەوەیە کە ئەو بڕوای بە یەکسانی نەبووە و ستایشی هێزی کردووە و ئەمەش وایکردووە لەگەڵ "هتلەر"دا بخرێنە یەك ریزەوە، یاخود کتێبی

و: شوان ئەحمەد

(ئـیرادەی هێـز) بـە کتێبـی Mein Kampf "هتلـەر"وە گرێبـدرێت. بـەڵام وەکـو فەیلەسـوفی هاوچـەرخی ئەڵـەمانی "تۆگن هات" باسـی دەکات: (ڕون نیـە کـە هتلەر نیچەی خوێندبێتەوە.. هەرچەندە تێڕوانینیان بۆ نـەبوونی یەکسـانی لـە نێـوان ئینسـانەکاندا وەکو یەکـە، بـەڵام خـاڵی جیـاوازی زۆریـش لـە نێوانیانـدا هەیـە. بـۆ نمونـە خـاڵی دەسـپێك لـە فەلسـەفەی هەریەکەیانـدا جیـاوازە. هتلـەر سیاسـەتمەدار و سـەرکردەیەکی چـالاکبوو، لەگەڵیشـیدا خـاوەنی فەلسـەفەیەکی سـادە و ڕوکـەش بـوو کـە لـە دژایـەتیکردنی جولەکـەو تـەواوی گـەلانی دنیـاوە سەرچاوەی گرتبـوو، بـەڵام نیچـە بیریـارێکی تیـۆری بوو، خـاوەن فەلسـەفەیەکی قوڵ و ئـاڵۆز بوو. خـاڵی دەسپێکیش لای ئەو ئەوە بوو کە مرۆڤ لـە سـەرەتای بوونەوە بەسەر دوو دەستـەدا دابەش دەبن: سـەردار و کۆیلـە. جیاوازیـەکی دیکـەی نێوانیـان ئەوەیـە کـە نیچـە دژی ناسـیۆنالیزمی ئەڵـەمانی بـووە و لـەم ڕووەوە قسـەو باسـی زۆر تونـدی دژی ئەڵەمانـەکان هەیە).

عەبدولسەلام حەیدەر [٢]

# فریدریش نیچه
## بایۆگرافیایەکی فەلسەفی

"رۆدیگێـر سافرانسـکی" کـه نوسـەری ئـەم کتێبەیـە، یەکێکـه لـەو ئەکادمیسـتە مەزنانـەی پسپۆڕە لە فیکری "نیچە" داو پێشتریش کتێبێکی گرنگی دەربارەی "هایدگەر" بە ناوی (هایدگەر لە نێـوان چـاکە و خراپـەدا) بڵاوکردۆتـەوە، لەگـەڵ کتێببێـك بـە نـاوی (شـۆپنهاوەر و سـاڵە تفـت و تاڵـەکانی فەلسـەفە). لـەم کتێبـە تازەیەیـدا "سافرانسکی" لـە سەرەتاوە تـا کۆتـایی عـەودالّی ژیـانی "نیچـە"یـە و لـە هـەموو قۆناغێـك لـە قۆناغـەکانی بەرەوپێشچـونی فیکـری ئـەودا، هەڵدەستێت بـە بەستنەوەی روداوەکـانی ژیـانی رۆژانەی بە نوسین و بەرهەمە فەلسەفیەکانیەوە.

بەمجۆرەش دابڕان لە نێوان ژیانی فەیلەسوف و نوسینەکانیدا دروست نابێت.. ئەمەش بۆیە دەڵێین، چونکە هەندێك کات ئەوانەی ژیاننامەی فیکری فەیلەسوفەکان دەنوسننەوە، بەجۆرێك ئەو کارەدەکەن کە ئێمە پێمان وابێت ئەوانە نە ئەزمونی ژیانیان کردووە و نە ئازاریان چەشتووە و نە دڵشاد و دڵگرانیش بوون، وەکو تەواوی خەڵکانی تر. بێگومان ئەمە کارێکی باش نییە لە کاتی نوسینەوەی سەربوردەی فەیلەسوفە مەزنەکاندا، بە تایبەتی گەر ئەو فەیلەسوفانە لە ئاستی کەسێکی وەك "نیچە"دابن کە بە خوێن و مێشك و تەواوی هەست و نەستیەوە دەینوسی.. ئەی ئەوە ئەو نییە دەڵێت: (من مرۆڤ نیم، من رستێك داینامێتم!!). بەڵێ ئەم فەیلەسوفەی کە تەنها چل و پێنج ساڵێك بە ئاگایی ژیاو دوای ئەوە بۆ ماوەی یانزە ساڵ وەکو دێوانەیەك گوزەراندی و سەرەنجامیش لە تەمەنی پەنجا و شەش ساڵیدا کۆچی دوایکرد (١٨٤٤-١٩٠٠)، داینامێت بوو..

"نیچە" لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ماڵئاوایی لە ژیانکرد و پێی وابوو خەڵکی تەنها لە

## نیچە

سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمدا و دوای سەد ساڵ لە مردنی، دەتوانن پەی بە فەلسەفەکەی ئەو بەرن و لێی تێبگەن. ئەو پێشبینیەشی تەواو راست دەرچوو.

هەنووکە تەواوی فەیلەسوفەکان دان بەوەدا دەنێن کە ئەو مەزنترین و قوڵترین فەیلەسوف بووە.. هەموو ئەو شتانەی پێشبینی کرد کەم تا زۆر رویاندا، لەوانە جەنگە جیهانیەکان و پاشەکشەکردنی بەهاکانی ئاینی مەسیحی لەناو کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان و داخڵ بوون بەسەردەمی نیهلیزم. بەڵام با بزانین ئەم فەیلەسوفە ترسناکە کێیە کە زیاد لە سەدەیەکە و تا ئێستاش خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵکردووە؟

"فریدریش نیچە" ساڵی ١٨٤٤ لە شارۆچکەی (رۆکین)ی ئەڵمانیا لە دایکبووە. باوکی قەشەیەکی پرۆتستانت مەزهەب بووە و هەروەها دایکیشی سەر بە بنەماڵەیەکی ئایینی بووە. ئەمەش مانای وایە کە هەر لە سەرەتای منداڵیەوە وەکو "ئیمانوێڵ کانت" لە کەشوهەوایەکی تەواو ئایینیدا ژیاوە.. فەزای ماڵی ئەوان پڕی بووە لە

ویـــــردو مۆجیـــــاری ئـــــاییینی مەســـــیحی و پەروەردەیەکی ئەخلاقی توند و تۆڵ. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە دواتر لە تیۆلۆژیای مەسیحی سەرکوتکەر هەڵدەگەڕێتـەوە. وەکـو ئاشکراشـە لـە کتێبەکانیـدا زۆر بە تونـدی رەخنـە لـە قەشـە و پیـاوانی ئاییـنی دەگرێت.

بەهۆی دەرد و نەخۆشـی بـەردەوامی باوکیـەوە، هەمیشە ماڵی ئـەوان کـەش و هەوایـەکی دڵتـەنگ و خەمباری هەبووە.. چوار ساڵ دوای لـەدایك بوونی "نیچــە"، بــاوکی دەمرێــت. ئەمــەش کاریگــەری ناخۆشــی لەســەر جێـدێڵێت.. بـاوکی لـە ناکـاودا نـەمرد، بـەڵکو دوای چـەند مانگێـك لـە کەسـیفی و دەردەداری گیانی دەرچوو.

دوای مـــەرگی بـــاوکی، لەگـــەڵ دایکـــی و ئەلیزابیســی خوشـکیدا رویـانکردە نـاومبۆرگ و لەویێ دەستی بە خوێنـدن کرد. ئەو خوێندنگایـەی ئـەو بـۆی چـوو پێشــتر "یۆهــان فێختــە" تیایــدا خوێندبووی. "نیچە" لـەو قۆناغـەی ژیانیـدا حـەزی بـە تـەنهایی و گۆشـەگیری دەکـرد و پرسـیاری وای دەکـرد کـە هـەرگیز بـە بـیری منداڵـدا نایـەت لـەو

تەمەنەدا.. بۆ نموونـە پرسیاری ئەوەی دەکرد کـە بۆچـی هاتۆتـە دنیـاوە، یـاخود پاسـاو و بەهانـەی بوونی ئەو چییە لەم ژیانەدا؟

لێرەوە و لە بری گەمە و یاری و باوەشکردن بە ژیانـدا، مەسـەلەی بـوون بـوو بـە کێشـەی گـەورەی ئەو.. ئیتر پرسیارگەلێکی دەوروژاند لـەو تەمەنەدا کـە خـەڵك تـەنها لـە دوا رۆژەکـانی عومریانـدا لـە خۆیانی دەکەن و بە بیریاندا دێت. ئەو پرسیارانەی ئەو دەیکردن، تەنها ئەو منداڵە دەگمەنانە دەیکەن کــە لــەناو مــاڵی خۆیــان و لــە نــاو خێــزان و کۆمەڵگەکانیاندا هەست بە نامۆیی دەکەن. لەوانە دەکرێت نـاوی هەندێکیان بێنین: "بۆدلێر، ڕامبۆ، ئەدگار ئالان پۆ، هۆڵدەرلین و... هتد".

هــەر لــە یەکــەم ســاڵی خوێنــدنی ئامادەیــدا، بــەهرەی ئــەدەبی وای تێــدا دەرکــەوت کــە جێــی ســەرنج بــوو.. ئــەوەی زیــاتر جێــی سەرســوڕمانە ئەوەیــە کــە لــە تەمــەنی ســیانزە ســاڵیدا، کەوتــە نوسینەوەی ژیاننامـەی خۆی!! یەکەمین کێشـەیەك لـەم دنیایـەدا ڕووبـەڕووی بـووەوە، کێشـەی شـەڕ و خراپەبوو.. باوکی ئەو کەسێکی نـەرم و نیان بـوو،

ئازادی کەسی نەدەدا. ئەی کەوایە بۆچی توشی ئەو دەردە کوشندەیە بوو لە تافی لاویەتیدا (٣٦ ساڵی) و سەری نایەوە؟ ئەی بۆچی لە بری ئەو کەسێکی بەد و شەرانگێز نەمرد؟ بۆچی کەسانی باش دەمرن و خراپەکارانیش دەژین؟

دوای تەواوکردنی خوێندنی ئامادەیی چوو بۆ (بۆن)، تا لە زانکۆی ئەوێدا درێژە بە خوێندن بدات. کە چووە زانکۆی (بۆن) لە یەك کاتدا خۆی لە کۆلێژەکانی تیۆلۆژیای ئایینی و فیلۆلۆژیا و مێژووی کۆن ناونووس کرد. کۆلێژی یەکەمیان لە دڵەراوکێی رۆحی و میتافیزیکی کەم دەکردەوە و دووەمیشیان فزوڵی زانستی و مەعریفی تێردەکرد. لەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ پرۆفیسۆر "ریچێڵ"دا پەیدادەکات کە رۆڵێکی گرنگ لە ژیانیدا دەگێرێت. هەر لە سەرەتاوە ئەم مامۆستا بەناوبانگە وابەستەی خوێندکارە تازەکەی دەبێت کە خاوەنی بەهرەیەکی کەم وێنە بوو.

هەرچەندە "نیچە" دڵی بە (بۆن) دەکرایەوە و حەزی بە پیاسە رۆمانسیەکانی سەرکەناری روباری (راین)ی دڵرفێن بوو، بەڵام کاتێك

## نیــچــه

مامۆستاكەی ئەم زانكۆیەی بەجێهێشت و رویكردە زانكۆی (لایبزیك)، دەستبەرداری ئەمانە بوو كەوتە شــوێن پرۆفیســۆر "ریچــێڵ". لــە (لایبزیــك) دوو دیداری سەرەكی لە ژیانی ئەودا رویاندا: یەكەمان لەگــەل فەلســەفەی "شــۆپنهاوەر" و دووەمیشــیان لەگــەڵ مۆســیقاری بــەناوبانگ "ریچــارد ڤاگنــەر" دابوو.

دەڵێن رۆژێكیان "نیچە" لە چەند كتێبخانەیەك سەرگەرمی گەڕان بووە بە دوای كتێبدا و لە ناكاو كتێبــی (جیهــان وەكــو ئــیرادو وێنــاكردن)ی "شۆپنهاوەر"ی بەرچاو دەكەوێت و زۆر سەیر ئەو كتێبە سەرنجی رادەكێشێت، ئەگەرچی لەوەو بەر نــە هیچــی لــە نــاوەرۆكی كتێبەكــە زانیــووە و نــە ئاگــاداری نوسەرەكەشــی بــووە.. دەســتبەجێ ئــەو كتێبە دەكڕێت و دەیباتــەوە بۆماڵــێ و بە درێــژایی ئــەو رۆژە و تــا نیوەشــەو خــەریكی خوێندنــەوەی دەبێــت، وەختێــك وازی لێــدێنێت كــە دوا لاپــەڕەی دەخوێنێتــەوە. ئەڵبەتــە "شــۆپنهاوەر" لــەو كاتــەدا چــوار ســاڵ بــوو مردبــوو، گــەرنا ئــەوا دەســتبەجێ دەچوو بۆ ماڵیان و خۆی پێدەناساند. لەو كاتەوە

ئـيتر "نيچـە" خـۆی وەك قوتابيـەكی "شـۆپنهاوەر" كـە مـەزنترين فەيلەسـوفی رەشـبينە لـە مێـژووی فيكردا، حساب دەكرد.

"شـــۆپنهاوەر" نـــەفرەتی لـــە ژيـــان و لـــەو چركەسـاتە دەكــرد كـــە تيايـــدا لـــەدايكبووە و مۆجياری ئەوە دەخاتە بەردەست، كە چۆن خۆمان لـــە ژيـــان لابـــدەين و لـــە ژەهـــر و مەترســـی و فريودانـــەكانی دووركەوينـــەوە.. چـــونكە ژيـــان بريتييە لە فێڵێكی گەورە و تەفرە خواردن.

دوای ئەوە و لە كۆتايی ئاهـەنگێكی مۆسـيقيدا، ئاشـنايەتی لەگـەڵ "ڤاگنـەر"دا پەيـدا دەكـات.. بـی ئەنـدازە بـە مۆسـيقای ئـەو سەرسـام دەبێت و لەبـەر ئـەوەش دەبێـت بـە دەروێـش و هـاورێی لەيـەك كاتـدا.. بەشـێوەيەكی بـەردەوام سـەردانی مـاڵی "ڤاگنـەر" دەكـات و پەيوەنديـەكی رۆحـی قـوڵ لـە نێوانيانـدا دروسـت دەبێـت.. "ڤاگنـەر" لـەو كاتـەدا خەريكی ئـەوەبوو كۆدێتايـەك لـە مێـژوی مۆسـيقای ئەڵەمانيدا بكات.. دەيويست شۆڕشێكی تـەواو لـەو بوارەدا بەرپا بكـات، بـەڵام پێويسـتی بـە بنەمايـەكی فەلسەفی و ميتافيزيكی هەبوو بۆ ئـەوەی ئـەو كـارە

بکـات، لای ئـەویش "نیچـە" ئـەو بلیمەتـە بـوو کـە دەیتــوانی ئــەو پاشــخانە فەلســەفیەی بەردەســت بخـات کـە بـۆ بـەرپاکردنی شۆڕشـێك لـە بـواری مۆســیقادا پێویســتی پێــی هــەبوو. بەهــەرحاڵ سەرسامی هەردووکیان بە "شۆپنهاوەر" زیاتر لە یەکی نزیك خستنەوە.

لـەو ماوەیـەدا "نیچـە" ئەگەرچـی تەمـەنی لـە خـوار بیسـت و پێـنج سـاڵیەوە بـوو، بـەڵام وەکـو مامۆستایەك لە زانکۆی (بال) لـە سویسـرا دامـەزرا. یەکــەمین لێکچــەری لــە بــەردەم ژمارەیــەکی زۆری خوێنـدکاران و مامۆسـتایان و کەسـە ناسـراوەکانی شارەکەدا پێشکەش کـرد. ناونیشـانی باسەکەشـی: (هـۆمیرۆس و فیلۆلۆژیـای کلاسـیکی) بـوو، واتـە بینی هۆمیرۆس لە ڕێگای فیلۆلۆژیا و مێژووەوە.

ئامـادەبووان بـە ڕەوانبێـژی و بـیر و بۆچـوونە قوڵـەکانی ئـەو مامۆستا لاوە سەرسام بوون، بـەڵام بێ ئاگا بوون لـەوەی کە ئـەو خـۆی بـۆ مـەزنترین و قورسترین سەرکێشی فەلسـەفی لـە مێـژوودا ئامادە دەکـات. دوای سـێ چـوار سـاڵ لەوانـە وتنـەوە و دوای ئـەوەی خـەڵکی لـە نیـەت و حەقیقـەتی بـیر و

بۆچـــونەکانی تێگەیشـــتن، لێـــی دورکەوتنـــەوە و بـەجێیان هێشـت. ئـیتر لـەوە بـەدوا کورسـی نـاو هۆڵـــەکان بـــەتاڵ و وەکـــو جـــاران خوێنـــدکاران نەدەچوون گوێ لەوانەکانی بگرن.

لێـرەوە تـەنهایی ئـەو گـەورەتر بـوو. کـەس لـەو سەردەمەدا نەیدەتوانی لەو سەرکێشیە ترسناکەدا هاوسـەفەری بێـت کـە تـا دوا سـنورەکانی فیکـر و فەلسـەفاندن دەچـوو. ئـەو زۆر پـێش سـەردەم و زەمانی خـۆی کـەوتبوو، ئەمـەش وایکـرد لانـی کـەم هیچ کەس تێی نەگات.. هەر بۆیە بە نامۆیی ژیا و بە نامۆیش لە دنیا دەرچووە.

دوای ئـەوەی لـە سـاڵی ١٨٧٢ و لـە تەمـەنی ٢٨ ساڵیدا یەکەمین کتێبی خۆی (گورانی تراژیـدیا)ی بڵاوکـردەوە، بـۆ هـەموانی سـەلماند کـە مامۆسـتای هـــەموو مامۆســـتاکانە. بـــەڵام هاوکـــات بـــەهۆی بیروبۆچـونە رادیکالیەکانیـەوە کـە داوای گـۆڕینی کـۆی سسـتمی خوێنـدنی ئـەڵمانیای دەکـرد، زۆر کەسـی توشـی شـۆك کـرد. ئـەو هـیچ شـتێکی بـەدڵ نەبوو، لە هیچ شتێك رازی نەبوو، بۆیـە دەیویسـت هەموو شتێك راماڵێت. دوای ئـەوە نـەخۆش کـەوت

## نیــچـه

و ترسا لـەوەی وەکـو بـاوکی لێبێـتو وەك ئـەو لـە تــافی لاویــدا ســەر بنێتــەوە.. نەخۆشــی ئــەو سەرئێشەیەکی قورس بوو، پێدەچوو لە باوکیەوە بۆی مابووبێتەوە. پاشان چاوەکانی دایانە کزی و بـەردەمی خـۆی نـەدەبینی. ئەمانـە ناچـاری کـرد دەست لـەکار بکێشێتەوە و زانکۆ جێبهێڵێت. ئیتر وای لێهــات وەکــو وێڵگــەردێك روبکاتــە رێگــاو بانەکان: رێگا دوورەکانی سویسرا و شاخ و داخ و دۆڵ و چــۆمو روبارەکــانی ئــەو وڵاتــە، هــەروەها رێگاوبـانی وڵاتـانی ئیتاڵیـا و باشـوری فەرەنسـا تاقیبکاتــەوە. لێــرە بــەدواوە ژیــانی کۆمەڵایــەتی کۆتایی دێت و ژیانی فەلسەفی دەست پێدەکات و مـاوەی دەسـاڵ دەخایـەنێت: لـە سـاڵی ١٨٧٩ بـۆ سـاڵی ١٨٨٩. لـەو سـاڵەدا و لـە شـاری تۆرنیـۆی ئیتاڵیدا دەکەوێتە ئامێزی شێتیەوە و بەو حاڵەوە دەژی تا وەختی مردنی لە ساڵی ١٩٠٠. لە ماوەی ئەم دەساڵەشدا کتێبە سەرەکیەکانی خۆی نوسی. لەوانـە: (مرۆڤانـە زێـدە مرۆڤانـە، سـپێدە، زانستی شــاد، لــەودیوی چــاکە و خراپــەوە، زەرادەشــت وەهای وت).

و: شوان ئەحمەد

دەربــارەی "نیچــە" زۆر نوســراوە و حــوکم و بڕیــارەی ناچــونیەکیش لەســەر فەلســەفەکەی ئــەو دراوە.. هەنـدێك بـە مەرجـەعی "هتلـەر" و نـازیزمی دەزانـن و بـە پێچـەوانەی ئەوەشـەوە هەنـدێکی دی پێیــان وایــە یەکــەمین کەســە داوای یەکیــەتی ئــەورووپای کــردووە و پێشــنیازی خــۆڵادانی لــە دەمــارگیری ئەڵــەمانی بەردەســت خســتووە.. هەندێکی تر دەربارەی ئەو دەڵێن کەسێکی دەستە بــژێرخواز بــووە و دژی دیموکراســی بــووە.. هەنــدێکی تــر ســەر کۆنــەی ئــەوەی دەکــەن کــە مەیلێکی ئۆرستۆکراتیانەی هەبووە و بە چاوێکی نزم لە کەسانی لاواز و بێ دەسەڵاتی روانیووە.

لە راستیدا ئەستەمە بگەینە ناسینی "نیچە" بە شـێوەیەکی راسـت و دروسـت.. سـەرەڕای هـەموو ئەوەی لـە بارەیـەوە نوسـراوە، بـەڵام بـەلای ئێمـەوە وەکـو نهێنیـەکی قـوڵ و تەلیسـمێکی نەشـکێنراو دەمێنێتەوە. ئەو بە "دیکارت" دەچێت، بگرە زیاد لـە "دیکـارت"یـش خـۆی بـە ماسـك و دەمامکـەوە نیشـاندەدات.. بـە دەگمـەن نـەبێت دەمامـك لەسـەر رووی خۆی لانادات، بەڵام بۆچی وەها دەکات؟

## نیـــچـه

لەبەر ئەوەی ژیان بۆ خۆی تەلیسماوی و ئاڵۆزە و بە ئاسانی خۆی نادات بە دەستەوە. هەندێك جار پێمان وایە جوان و قەشەنگە و پڕیەتی لە بەختەوەری و خۆشەویستی، بەڵام وەختێك كێشەیەك روودەدات رەش بین دەبین بەرامبەری و دەبێتە دوژمنێك كە ناشێت متمانەی پێبكرێت. ئەی كەواتە روی راستەقینەی ژیان كامەیە؟ ڕووە پۆزەتیڤەكەیەتی یان رووە نێگەتیڤەكەی؟

بەو پێیەی فیكری "نیچە" وێنەیەكی ژیانە، ئەوا وەكو ئەو ناچون یەكە و زیاد لە روویەكی هەیە. بەمجۆرە چەندین خوێندنەوە بۆ ئەو هەیە، نەك تاكە خوێندنەوەیەك.. بە تایبەتی ئەو بە شێوازێكی شاعیرانەی وەها دەینوسی كە نمونەی لە زمانی ئەڵمانی و بگرە لە تەواوی زمانەكانی دیكەی دنیادا نییە.

"نیچە"ش بە تەنها هەر فەیلەسوفێكی زۆر قوڵ نەبوو، بەڵكو لە هەمان كاتدا شاعیرێكی مەزن‌و پەخشان نوسێكی كەم وێنە بوو. سیحری گەورەی ئەم پیاوەش بە درێژایی ئەم ساڵانە لێرەدایە. دەڵێن: كتێبەكەی (زەرادەشت وەهای

**وت)، لاوانی ئەڵمانیا وەکو ئینجیل دەیانخوێندەوە! بەڵام جەخار، ئەمە سەروەختێك بوو کە ئەو بووە دێوانە و مردن زەفەری پێبرد و بواری ئەوەی نەبوو چێژ لە نێوبانگ و شکۆمەندی خۆی ببینێت.**

# نیچه و نیهیلیزم

ئەمسـاڵ (واتـه سـاڵی ٢٠٠٠ –و:کـوردی) سـەدەیەك بەسـەر مـەرگی مەزنـه فەیلەسـوفی ئەڵـەمانیا "فردریش نیچـه" دا تێدەپـەڕێت.. بۆیـه خـراپ نییـه گـەر سـەرنج بدەین کـه چۆن ناوەنـده فیکریـەکانی ئـەڵمانیا و ئـەوروپا ئـەو بۆنەیـه دەکەنـەوە، چـونکه ئـەم پیـاوە ڕای نـاکۆك و جیاوازی لەسەر هەیە.

هەنـدێك وای بـۆ دەچـن کـه گـرنگترین فەیلەسـوفی سـەردەمی تازەیـه دوای "کانـت" و "هیگڵ"، هەندێکی کەش تـەنها وەکـی شاعیرێکی بەهرەمەنـد و لێهـاتوو سـەیری دەکـەن. کەسـانێك هـەن بـیری ئـەو بەسـەر چـاوەی بزاوتـی نـازیزم دەزانـن و هەنـدێکی تـریش ئـەم تۆمەتانـه ڕەتدەکەنەوەو بەڕەوای نازانن... هەرچۆنێك بێت

دەکرێت بڵێین، ئەم پیاوە کێشەی هەموو ئەو فەیلەسووفانەبووە کە لە دوای خۆیەوە هاتوون و تا هەنووکەش تارمایی ئەو بەسەر ئەوروپا و ئەو لێکۆڵینەوە فیکریانەوەیە کە لەو کیشوەرەدا دەنووسرێن.

"نیچە" نەمردووە، چونکە فیکری ئەو تا ئێستاش هەر زیندووەو بیروبۆچونەکانیشی مشتومڕی لە بارەوە دەکرێت. وەکی ئاشکرایە ئەو لە جێیەکدا وتویەتی: (خەڵکی تەنها دوای سەد ساڵێ کە دەتوانن، بەڕاستی لە من بگەن). ئەمێستا ئێمە لە ساڵی دوو هەزاردایین، بەڵام ئاخۆ بەڕاستی "نیچە" دەناسین و لێی تێگەیشتووین؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بیروڕای گەورە مامۆستایانی فەلسەفەی هاوچەرخ بەسەر بکەینەوە، لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەیشدا پێویستمان بە بەسەرکردنەوەی بۆچوونی "ئەلیکسیس فیلۆننکۆ" هەیە کە یەکێکە لە پسپۆڕە مەزنەکانی بواری مێژووی فەلسەفە. "فیلۆ ننکۆ" خاوەنی کتێبگەلێکی بەناوبانگە دەربارەی "کانت و ڕۆسۆ و شۆپنهاوەر و...

هتــــد"، لــــەم ماوەیــــەی دوایشــــدا کتێبێکــــی بەناونیشانی (پێکەنین و تراژیدیا) بڵاوکردەوە.

ئەم بیریارە لەم کتێبەیدا دەڵێت: (نیچە کاتێك لـە تەمـەنی بیسـت و یـەك سـاڵیدا گرنگـی دابـە فەلسەفە، نەیدەتوانی دەست بەرداری شۆپنهاوەر بێت.. کتێبـە سـەرەکییەکەی شـۆپنهاوەر– جیهـان وەکو ئیرادەو وێناکردن–ی خوێندەوە، بەڵام نیچـە قوتابیــەکی چـاکی شــوپنهاوەر نــەبوو، چــونکە شـوپنهاوەر پێـی وابـوو مێـژوو وەکـی خۆیـەتی و سەرەڕای تێپەڕبوونی سەردەم و ڕۆژگاریش، بەڵام هیچ شـتێك گۆڕانی بەسـەردا نایـەت، تـەنها شـتێك بگۆڕێت ڕووی دەرەوەی بیروبۆچوونەکانەو هیچـی تــر.. ئەمــە لــە کاتێکــدا نیچــە تەئکیــدی لەســەر ئایــدیای گــۆڕان و گــۆڕان– بــوون لــە مێــژوودا دەکردەوە).

ڕاستە "نیچە لەسەرەتادا زۆر سەرسام بوو بە "شــــۆپنهاوەر"، بــــەڵام دواتــــر دەســــتبەرداری مامۆســـتاکەی بـــوو، ئەمـــەش نموونـــەی ئـــەو خوێنـدکارە بلیمەتانەیـە کـە لـە هـەموو شـتێکدا دوای مامۆســـتاکانیان ناکـــەون، بـــەڵکو ســـودی

ئەوەیان لێدەبینن تا شتێکی جیاواز لەوان بهێننە ئارا... ئەوە تەنها خوێندکارە تەمبەڵ و هیچ لەبارانەبووەکانن تا ئەبەد لە ڕێچکەی ماموستاکانیان لانادەن.

هەروەها جیاوازیەکی ڕیشەیی دیکەی نێوان "شۆپنهاوەر" و "نیچە"ی خوێندکاری ئەوە بوو کە "شۆپنهاوەر" فەیلەسوفی مەرگ بوو، لە کاتێکدا "نیچە" فەیلەسوفی ژیان وبوو.. هیچ کەسێك وەکی "نیچە" ستایشی ژیانی نەکردووەو شکۆی پێنەبەخشیووە، ئەگەرچی لە نەهامەتی و مەینەتی زیاتر هیچ دیکەی دەسگیرنەبوو.

"شۆپنهاوەر" سەروەختێك لە وەرزی پایزدا بە ناو دارستانێکدا پیاسەی دەکرد، تەنها شتێك چاوی ئەو دەیبینی گەڵای زەرد و بۆنی ناخۆشی جەستەی مردارۆبووی سروشت بوو، هەموو دارستانێك بەلای ئەوەوە داستانێکی پرسە ئامێز بوو. ئەمە تەواوی ئەو شتانەبوو کە "شۆپنهاوەر" لە پایزدا دەیبینی، بەڵام "نیچە" تەواو پێچەوانەی ئەو بوو.. ئەو لە گەڵا زێڕینەکانی پایزدا خەونی قەشەنگی سروشتی بە دیدەکرد،

## نیـــچـه

خــەونێك كــە لــە بــەهاری داهــاتوودا بــە خەبــەر دێتــەوەو لاوێتــی نــوێ دەكاتــەوە. لــە كتێبەكەیــدا (زەرادەشــت وەهــای وت)، فەلســـەفەیەكی خــۆر ئامێز دەبینین كە ئاوێتەیە بە شەوێكی دەیجور و ئاگرێكی پڕ بڵێسە.

لەلایەكی ترەوە "ماتیو كیسلەر" مامۆستای زانكـۆی ئـەمیان لـە فەڕەنسـا، دەربـارەی "نیچـە" دەڵێت: (كارێكی ئاسان نییە لە یەك كاتدا نیچە وەك فەیلەسـوف و هونەرمەنـدێك ببیـنین، چـونكە خــەڵك بــەوە ڕاهــاتوون كــە هونەرمەنــد دژ بــە فەیلەســـووفە و هەریەكـــەیان شـــێوازی تـــەواو جیـــاوازی خۆیـــان هەیـــە بـــۆ تـــەعبیركردن.. فەیلەسوف گرنگی بە واقیع دەدات و هونەرمەند بە خەیاڵ.

فەیلەسـوف جیهـان بـەوجۆرە باسـدەكات كـە خـۆی لــە حەقیقەتــدا هەیــە، بــەڵام هونەرمەنــد جیهــانێكی تــر یــاخود جیهــانێكی هاوشــێوەی جیهـــانی واقعـــی دەخوڵقێنـــێ.. ئـــەوە تـــەنها هونەرمەنـدە دەتوانێـت جڵـەو بـۆ دێوانـەیی خـۆی

شـلكات، تـا بـە سـتايلێكی هونـەری فانتـازی گوزارشت لە واقيع بكات).

بـەڵام داخـۆ فەيلەسـوف دەتوانێـت خـەياڵی شيعری و تێڕامانی ئەقڵانی ئاوێتـەی يـەك بكات؟ ئـاخۆ لـە وەهـا حاڵەتێكـدا ڕاسـتگۆيی خـۆی نادۆڕێنێـت؟ تاوانبـار ناكرێـت بـەوەی ناپـاكی دەرهەق بە ئەقڵو فەلسەفە كردووە؟

لە ڕاستيدا ئەمە لە "نيچە" ڕويدا، لەبەر ئەوە سـەرەتا كتێبـەكانی تـەنها وەكـی ئـەدەب يـاخود شيعر سـەيردەكرا كـە هـيچ پەيوەنـدی بـە لۆژيـك يـاخود بـە ئەقڵانييـەتی فەلسـەفييەوە نييـە.. بـەردەوام بـەوە لاقرتێـی يـان دەكـرد كـە گوتـاری فەلسـەفی ئـەو خەسـڵەتێكی ئانارشيسـتانەی هەيەو تێزەكانيشی پڕن لە ناكۆكی. ئەو زيـاد لـە شـوێنێكدا تەئكيـد لـە شـتێك و دژەكەشـی دەكاتەوە، ئەمـە وايكـرد هەنـدێك ئـەم هەڵوێسـتەی لێوەرگرن: سەرسامبوون پێـی بـەوەی هونەرمەنـدە ياخود شاعيرێكی مەزنـە و گەمـە بە وشـە دەكـات، بەڵام لەبەرامبەر ئەمەدا فيكر و فەلسـەفەی ئـەويان بـە هێنـد وەرنـەدەگرت و فەرامۆشـيان دەكـرد..

## نیـچـه

فەڕەنسـیەکان لای خۆیانـەوە نیچـە یـان وەك فەیلەسوفێکی نا ئەقلانی و شاعیرێکی هەڵچووی پڕ لە تەقینەوە ناسی.

هـەر لـە سـاڵیادی سـەدەیەك بەسـەرمەرگی "نیچە"دا، "ژاك لۆردێر" مامۆستا لە قوتابخانەی پراکتیکـی بـۆ خوێنـدنی بـالا لـە پـاریس، سەرپەرشتی کتێبێکی دەستە جەمعی گرنگی کرد بەناوی: (سـەد سالّ بەسـەر پێشـوازی کـردن لـە فیکـری نیچـە لـە پـاریس). "لـۆردێر" دەربـارەی "نیچـە" دەڵێـت: (بـە بۆچـوونی مـن یـەکێك لـە هۆکاری ئامادەگی گەورەی نیچە لەمڕۆدا، ئەوەیە کـە ئـەو یەکێکـە لـەو فەیلەسـوفە ئەڵمانیـە دەگمەنانەی بەبێ خۆ فریـودان و بەگومانـەوە لـە مۆدێرنـەیان ڕوانیـووە. ئـەو لـە ڕەخنـەگرتنی لـە مۆدێرنە زۆر ڕادیکالّ بوو، دێریدا ئەمە ناودەنێت لێك –شیتاڵکردنی نیچەویانە).

"نیچە" یەکێکە لەو فەیلەسوفە دەگمەنانەی لە کۆتـایی سـەدەی تۆزدەهەمـدا ژیـاو لـە هـەوڵی ئـەوەدا بـوو ئایدیاسـەرەکیەکانی مۆدێرنـە (واتـە ئایـدیای پێشـکەوتن و ئاقـاری هیومـانیزم و

شوناسی کلتووری، ئیتر ئەڵەمانی بێت یان ئەوروپی)، تێکو پێك بدات. هەر لەبەر ئەوەش بوو بە نا ئەقڵانیەت و تەنانەت بە کۆنەپەرستیش تاوانبارکرا. "نیچە" بەو پێیەی نووسەرێکی ئاست بەرزە و خوێندنەوەشی بە تامە، لەبەر ئەوە خاوەن شێوازێکی بلیمەتانەیە و قەرەبۆی فەلسەفەی "کانت" مان بۆ دەکاتەوە کە خاوەن شێوازێکی قورس و زبر و پڕگرێ و گواڵە.. فەیلەسوفانی ئەڵەمانیا دوای "کانت" لە نووسینەکانیاندا شێوازێکی وشك و برنگیان بەکاردەهێنا و ئەو شێوازەش پڕاوپڕ بوو لە زاراوەی تەکنیکی وا کە تەنها پسپۆڕکان لێی تێدەگەیشتن. بەمجۆرە زمانی فەلسەفە بوو بە زمانێکی گران و ئەبستراکت و تەلیسماوی، بەڵام شتێکی لەمجۆرە لای "نیچە" نادۆزینەوە.. نووسینەکانی "نیچە" دەمانگەڕێنێتەوە بۆ لای کلتووری فەلسەفی لە سەدەی هەژدەهەمدا، لەو سەردەمەدا جوانی گوزارشتکردنی تەواو کەرێکی پڕاوپڕی قوڵی فیکربوو.

## نیــچـه

"ژاك لـۆردێر" پێـی وایـه ئامـادەگی "نیچـه" لــەمرۆدا دوای ســەد ســاڵ بەســەر مردنیــدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی: ئەو ئامۆژگاریمان دەکات بەوەی سەرەڕای هەموو بەدگومانییەك و تەنانەت ســەرباری ڕەشــبینی قوڵیشــمان، پێویســته دڵخۆش‌و کامەران بین بە ژیان، چونکە ژیان پڕ جیاوازی و ناکۆکییە: بەو مانایەی کە ئەوەی بە دەسـتێك دەمانـداتێ بــە دەسـتێکی دی لێمـانی دەستێنێتەوە، بە دەستێك لێمان دەدات و بەوی دی دڵنـەوایمان دەکـات، بـه دەسـتێك دڵخـۆش و بەدەستێکی تر دڵگرانمان دەکات.

شـایەنی باسـه بیریـارانی فەڕەنسـا هـەرگیز فەلسەفەی "نیچە" تێکەڵ بە ئایدیۆلۆژیای نازیزم ناکەن و لەم ڕووەوە هیچ گرێیەکیان نییە، ئەمەش بە پێچەوانەی ڕۆشنبیرانی ئەڵەمانیاوەیە.

"ژان پـییر فیران" مامۆسـتای زانکـۆی کـان لـه فەڕەنســا، لێکۆڵینەوەیــەك دەربــارەی (نیچــه و نیهلیــزم) دەنووســێت و دەڵێــت: (زۆر جــاران نیهلیزم کورتدەکەنەوە بۆ قەیرانی ماناو داڕمانی بــەها لــه خۆرئــاوا لــه ناوەڕاســتی ســەدەی

نۆزدەهەمـەوە و ئـەم کورتکردنەوەیـەش سـودێکی دوو لایەنـەی هەیـە: یەکـەم/ لـە لایەکـەوە دەرفـەتی ئــەوەمان دەداتــێ تــا بــەوردی دەستنیشــانی دیاردەیـەك بکـەین کـە بەیـەکێك لـەو پـەتا نوێیانـە دادەنرێت کە کلتوری ئەوروپی دووچاری هاتووە. دووەم/ لەلایــەکی دیکــەوە بــواری ئــەوەمان بــۆ دەڕەخسێنێ بەر لە چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی ورد لــە هۆکــاری ئــەو نەخۆشــیە بکۆڵینــەوە. بــۆ نموونە هەنووکە زۆرێك لە بیریارە مەسیحیەکانی خۆرئاوا پێیان وایە هۆکاری نیهلیزم دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە، چونکە لەو سەدەیەدا ڕەخنـەی فەلسـەفی لـە بـاوەڕی تەقلیـدی دەسـتی پێکـرد، هەربۆیە ڕامالێنی نیهلیزم و سڕینەوەی پێویستی بەوەیـە بگەڕێینـەوە سـەر ئـەو بـەها مەسیحیانەی دوای ســەرکەوتنی مۆدێرنــە لــە خۆرئــاوادا هەرەسیان هێنا.

بـەڵام بـابزانین نیهلیـزم چییە و چـۆن پێناسـە دەکرێت؟ مەبەست لە نیهلیزم: هـەموو شـتێك پـوچ و بـێ مانایـە و هـەموو شـتێك وەکـی یـەك وایـە: چـاکە و خراپـە، جـوان و ناشـیرین، لەبەرئـەوەی

## نیــچـە

دواجار هەموو شتێك دەمرێت و لەناو دەچێت. ئیتر شتەکان چ مانایەکیان هەیەو سود و قازانجیان چییە؟

ژیان هیچ مانایەکی نیە، لەبەر ئەوەی دواجار دەمرین و دەمان نێنە چاڵ و مارومێرو دەمانخوات... ئەمە ئەو بۆچوونە نێگەتیڤ و تەڵخەیە کە نیهلیزم لە هەموو جێگایەك بڵاوی دەکاتەوە.. "نیچە" لای خۆیەوە پێی وایە لە ناوبردنی نیهلیزم هەروا کارێکی ئاسان نییە.. لەبەرئەوەی دیاردەیەکی تازە نیە لە ئەوروپا، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە کە "سوکرات" خۆی هەستی بە پوچی و بەتاڵی بوون دەکرد.

هەروەها "ئەریك بلۆندێل" مامۆستای فەلسەفەی ئەخلاق لە زانکۆی سۆربۆن، لە نوسینێکیدا دەڵێت: (سێ هۆکار هەن کە ناچارمان دەکەن لەمڕۆدا نیچە بخوێنینەوە: یەکەم/ کەوتنی هەموو ئەو خەیاڵپلاوانەی پەیوەندیان بە مۆدێرنە و شارستانیەتەوە هەبوو. سەبارەت بەم مەسەلەیەش نیچە یارمەتیدەرمانە، لەبەر ئەوەی ئەو نموونە بەرز و باڵاکانی

مۆدێرنــەی دایــە بــەر ڕەخنــە، تەنانــەت لــەو کاتانەشـدا کـە مۆدێرنـە لـە لوتکـەی شـکۆمەندی خۆیدا بوو. ئەوە ئەو بوو پێی وتین: (زۆر دڵخۆش مـــەبن و بـــەم ســـەرکەوتن و پێشـــکەوتن و تەکنۆلۆژیایـە لـە خۆتـان بـایی مـەبن. سـەرەڕای ئەمانـەش نیچـە پێشـبینی جەنگـە جیهانییـەکانی کردبوو تەنانەت بەر لە ڕوودانیشیان.

دووەم/ ڕەخنـــەی نیچـــەیە لـــە ڕۆژنامـــە و ڕۆژنامەنووس و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن.

ســێیەم/ ورياکردنەوەمانــە لــە کاریگەریــە خراپـەکانی تـەکنۆلۆژیاو کـۆنترۆڵکردنی هـەموو کایـەکانی ژیـان و پاکتـاوکردنی سروشـتە لەلایـەن دەسـەڵاتی تەکنیکـەوە. لەگـەڵ هـەموو ئەمانەشـدا ئەو پێی وایە مرۆڤی مۆدێرن مرۆڤێکی تەمبەڵـەو نایـەوێت بـە هـیچ شـتێکەوە مانـدووبێت. ئـەو کائینێکە نایەوێت نە نەخۆش بکەوێت، نە پیربێت و نە دەردەدار بێت و نە بشمرێت!.. ئەو دەیـەوێت ڕۆژتا ئێوارە چێژ لە ژیـان ببینێـت و لـە ژان و ژار تۆقیوە، بەمجۆرە ئەو لـە ڕووە تراژیدیەکـەی بـوون بێ ئاگایـە، لەبـەر ئـەوە نیچە ڕەخنـەی لێدەگرێت.

تەنانـەت ئـەو پێشـوەخت و بـەر لەسـەدەیەك لـە ئێســتا ڕەخنــەی ئاڕاســتەی ئــەو ســەردەمی بەرخۆریەکردووە کە ئەمڕۆ ئێمە دەیگوزەرێنین).

هەرچی "فیلیپ سولیرز"یشـە بـە شـێوەیەکی ئیســتیفزازی ئــەم دەســتەواژەیەی خــوارەوە دەنووسێت و دەڵێت: (نیچە یەکێکە لە نووسـەرە مەزنەکانی فەڕەنسا). هـەروەها دەڵێـت: (هەنووکـە دوو نووسـەر هـەن کـە ئامادەگییـەکی بەرچـاویان هەیە، یەکەمیان ڤۆڵتێرە و دووەمیشیان نیچەیە.. پێویستە ئەوەش بزانین کە نیچە کتێبەکەی خۆی –مرۆڤانـە زێـدە مرۆڤانـە– پێشـکەش بـە ڤـۆڵتێر کـردووە و لـە کتێبێکـی تریشـدا زۆر بـە گـەرمی ستایشـی کـردووە).. دەکرێـت بڵـێین: "نیچـە" بـە یەکێك لە مەزنترین نووسەرانی فەڕەنسا دادەنرێت بـە درێـژایی مێـژوو، بـەڵام بۆچـی؟ لەبـەر ئـەوەی جیاوازییــەکی زۆری لەگــەڵ "کانــت"دا هەیــە، زۆربـەی فەیلەسـوفانی ئەڵـەمانیا جگـە لـە "نیچـە" ستایلی تایبـەت بـە خۆیان نییـە، بـەمجۆرەش ئـەو فەڕەنسییە زیاد لـەوەی ئەڵـەمانی بێـت. سـەرەڕای ئـەوەش "نیچـە" بـە خواسـتی خـۆی دایـە پـاڵ

ڕۆشـــنگەری فەڕەنســـی و کەوتـــە پـــەلاماردانی ئەڵەمان و کلتووری ئەڵەمانی.

دواجار و لـە پـای هـەموو ئـەم نووسینانەشـدا پێویستە کتێبێکی فرە گرنگی دیکە بخوێنینـەوە کە ئێستا کـەس ئاوڕی لێناداتـەوە، ئـەو کتێبـەش "هایدگـەر" دەربارەی "نیچـە" نووسیویەتی. ئـەم کتێبە گـەورەو گرانـە تەنانـەت "سارتەر و لاکـان و فۆکـــۆ و دێریـــدا و دۆلـــۆز"یـــش، پشـــتگوێیان خسـتبوو. ئـەم کتێبـە بـاس لەمەسـەلەی نیهلیـزم دەکات، بۆ تێگەشتن لەم مەسەلەیەش هەر بەتـەنها نابێـــت "نیچـــە" بخوێنینـــەوە، بـــەڵکو ئـــەوەش بخوێنینـــەوە کـــە "هایدگـــەر" دەربـــارەی "نیچـــە" نووسیویەتی.

لەلایـــەکی تـــرەوە "مـــارك دۆلـــۆنی" کـــە سەرپەرشـتی وەرگێڕانـی بەرهەمـەکانی "نیچـە" دەکات بۆ سەرزمانی فەڕەنسی دەڵێت: (سەبارەت بە فیکر لای نیچە شتێکی ترسناك و داینـامێتی بەدی دەکەین، پێشـمواية پرۆژەی فیکـری ئـەو لـە کتێبـە بەناوبانگەکەیدا –زەرادەشت وەهـای وت– کورتکراوەتـەوە.. نیچـە لـەو کتێبەیـدا داوای ئـەوە

دەکات لە ڕێی شیعرەوە فەلسەفە تێپەڕێنین، ئەم تێپەڕاندنەش بە نیسبەت فیکرەوە پرۆسەیەکی ڕادیکاڵانەیە).

"مـارك کریبـۆن" وەرگێـڕی یـەکێك لـە کتێبـەکانی "نیچـە" بـۆ سـەرزمانی فەڕەنسـی دەڵێت: (بە پێچەوانەی ئەوەی نیچە ترسی لێی هـەبوو، ئێسـتا ئـەو وەکـی فەیلەسـوفێك دەخوێندرێتـەوە). بێگومـان خوێندنـەوەی ئـەو وەکـی فەیلەسـوفێك تـازە نییـە و کۆنـە. لـە فەڕەنسادا دەگەڕێتەوە بۆ "جیل دیلۆز" و کتێبە بە ناوبانگەکەی –نیچە و فەلسەفە– ١٩٦٢، ئەمەو سەرەڕای کتێبە هەرە بەناوبانگەکەی "هایدگەر" دەربـارەی "نیچـە" کـە سـاڵی ١٩٧١ و لـە دوو بەرگدا وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەڕەنسی.

لـە کۆتایشـدا "ژان پـییر ڤـای" نووسـەر و فەیلەسوف، ئەم پرسیارە دەکات و دەڵێت: (ئێمە بۆچی لەمڕۆدا نیچە دەخوێنینەوە؟ لە جێیەکدا خوێندمەوە کە نیچە بۆتە مۆد لەبەر ئەوەی سەر بـە پۆسـت مۆدێرنەکانـە، ئەمـە لێکدانەوەیـەکی پووچە و بە هێند وەرناگیرێت. پێموایە ئەمڕۆ و

و: شوان ئەحمەد

**سبەینێ نیچە بۆ ئێمە گرنگە، لەبەر ئەوەی فیکری ئەو هەر بە تەنها لە دژی شەڕ نییە، بەڵکو لە دژی تۆڵەسەندنەوەشە بە گشتی. نیچە دژی بیری دادگاکانی پشکنین و ڕقهەڵگرتن لەئەوی دی بوو، دژی ئەوەبوو بە هەرجۆرێك بێت تەوقی مرۆڤ بدرێت. ئەمەش مانای وایە کە ئەو فەیلەسوفی ئازادی بوو.. دەیویست لە کەسانی گرگن و بچکۆلە خۆی بپارێزێت، چونکە ئەوانە بیر لە تۆڵە سەندنەوە دەکەنەوە و بوغز دەکێشن، بەڵام مرۆڤە بەرزوباڵاکان باز بەسەر ئەو شتانەدا دەدەن، ئەویش لە ڕێی هەوڵ بە خەرجدانی زۆر و کۆنترۆڵکردنی خۆیانەوە. مرۆڤەمەزنەکان بوغز کێشی ناکەن و ڕك هەڵناگرن، بەڵکو سینەیان جێگای هەموو کەسێکی تێدا دەبێتەوە.**

**کەواتە ئێمە پێویستی زۆرمان بە "نیچە"یە، بۆ ئەوەی ئەم ڕۆژگارە سیخناخ بە کینەو بوغز و جەنگ و خوێن ڕێژیە تێپەڕێنین.**

هاشم سالّح[٤]

## نیــچـه



و: شوان ئەحمەد

# "نیچە" و فاشیزم

لـە نوسـینی ئـەم کتێبـەدا زیـاتر لـە پـانزە فەیلەسـوف و مامۆسـتای فەلسـەفە لـە سـەرجەم زانکۆکـانی جیهانـدا بەشـداربوون، لەوانـە: "دانییـل. و کۆنـوی" مامۆسـتای فەلسـەفە لـە زانکـۆی پەنسـلڤانیا لـە وڵاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا کە پسپۆڕە لە بواری فەلسەفەی سیاسی لـە سـەدەی بیسـتەمداو گـرنگترین کتێبەکانیشـی بـریتین لـە: (نیچـە و سیاسـەت، هـەروەها گەمـە ترسـناکەکەی نیچـە و... هتـد). یـەکێکی تـر لـە بەشـداربوان "سـتانلی کـۆرت گۆڵـد"ە و ئـەمیش مامۆسـتای زمـانی ئەڵـەمانی و ئـەدەبی بەراوردکاریـە لـە زانکـۆی برنسـتۆن. سەرپەرشـتیارانی ئـەم پڕۆژەیـەش بـریتین لـە هەریەك لە: "ڕۆبرت. س. ویستریچ" و پڕۆفیسۆر "جاکۆب کۆڵۆمب".

## نیـــچـه

لــــەم کتێبـــەدا پرۆفیســـۆر "ئەلیکســـەندەر نیهامـــاس" مامۆســـتای فەلســـەفە لـــە زانکـــۆی برنســـتۆن، لێکۆڵینەوەیـــەکی لـــەژێر ســـەردێڕی "نیچـەو هتلـەر"دا نوسـیوە. ئـەم کتێبـە هـەر لـە سـەرەتاوە ئـەم پرسـیارە دەخاتـە ڕوو: ئایا هـیچ پەیوەندییەك لە نێوان "نیچە" و فاشیزمدا هەیە؟ ئایـــا دەشـــێت فەیلەســـوفێکی وەك "نیچـــە" پەیوەنـدی بـە ئایدۆلۆژیایـەکی فاشـیزم یـاخود ئایدیۆلۆژیایەکی دڕندەوە هەبێت؟

وەکـــو ئاشـــکرایە ئـــەو چـــەمکە ســـەرەکیەی "نیچـە" تەئکیـدی لەسـەر دەکاتـەوە ئـازادی تاکـە کەسە و ئەوەش بە کارێکی پێویست دەزانێت کە مرۆڤ خۆی قەدەرو چارەنوسی خۆی دیاری بکات. لە پای ئەمەدا نەیارەکانی تۆمەتی ئەوەیان دایە پاڵ کە فیکر و بۆچۆنەکانی فیکر و بۆچونێکی ئۆرستۆکراتی – ڕادیکالییە، لەبەرئەوەی ڕقی لە کلتـوری جـەماوەر و زۆرینـەی خـەڵك بـوو ئـەو کلتورەشی بە کلتوری مێگەل ناوزەد کردبوو. لەم سەروبەندەدا "نیچە" پێشبینی ئەوەی دەکرد لە ئاینـدەدا سـەردەم و ڕۆژگـاری (سـۆپەرمان) بێتـە

ئارا: مەبەستی ئەو لە (سۆپەرمان) ئەو مرۆڤە بالاو ناوازەیە بوو کە مرۆڤی ئەمڕۆ تێپەڕێنێت.

ئەگەر ئەمە بۆچونی فەیلەسوفێکی وەکی ئەو بێت، کەواتە چ پەیوەندیەکی بە بزوتنەوەی نازیزمەوە هەیە کە گەمەی بە ئەقڵی جەماوەری دەکرد و لە پێناو ئامانجە شۆڤێنیەکانی خۆیدا مۆبێلیزەی دەکردن؟ دەبێت پەیوەندی ئەو بە ئایدیۆلۆژیایەکەوە چی بێت کە کاری سڕینەوەی تاکە کەس و شۆردنەوەی مێشکی مرۆڤ بوو بێت؟

بەڵام سەرەڕای ئەمانە چەند ڕاستیەك هەیە کە ناکرێت چاوپۆشی لێ بکەین، لەوانە: ساڵی ١٩٣٤ "هتلەر" سەردانی ئەو مەڵبەندی بەڵگەنامانەی کرد کە تایبەت بوون بە فیکری "نیچە" و بارەگاکەشی لە (ڤایمار) بوو. لەوێدا "هتلەر" چاوی بە "ئەلیزابیسی" خوشکی "نیچە" کەوت. وێنەیەکی بەناوبانگی ئەو سەردانە هەیە کە تیایدا "هتلەر" تەوقە لەگەڵ "ئەلیزابیس"دا دەکات و لەبەردەمیدا نوشتاوەتەوە، وەکی ڕێزێك بۆ "نیچە"ی برای کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٠٠ کۆچی دوای کرد.

بـەڵام داخـۆ ئەمـە بەسـە بـۆ ئـەوەی بڵـێین کـە "نیچە" و "هتلەر" یەك شتن؟ لە ڕاستیدا ئامانجی ئەو سەردانەی "هتلـەر" بۆ ئـەو جێگایـە تـەنها بۆ پڕوپاگەنـدە بـوو، چـونکە نـازیزم پێویسـتی بـە گرانتـی مەزنـە ڕونـاکبیرانی ئەڵـەمانیا هـەبوو (چ زینـدووەکانیان و چ مردووەکانیشـیان). کەواتـە مەبەسـت لـەو سـەردانە ئـەوە بـوو کامێراکـان وێنەیەکی "ئەدۆڵف هتلـەر" بگـرن لـەو کاتـەدا کـە لـە پەیکەرەکـەی "نیچە" ڕادەمێنـێ و پاشان ئـەم وێنەیە لـە ڕۆژنامـەکانی ئەڵـەمانیادا بڵاوبکەنـەوەو وا لـە خـەڵك بگەیـەنن کـە "نیچـە" لـە "هتلـەر" ڕازییـە! ئـەوە بـوو ڕۆژنامـەکانی ئەڵـەمانیا لـەو کاتەدا وێنەکەیان بڵاوکردەوەو لە ژێـر وێنەکەشدا ئـەم دێڕەیـان نوسـیبوو: (فـۆهرەر لـە بـەردەم پەیکـەری ئـەو فەیلەسـوفە ئەڵمانیـەدا کـە بـیرو بۆچونەکانی بووە زادی دوو بزاوتی میللی مەزن: نازیزم لە ئەڵەمانیا و فاشیزم لە ئیتاڵیا!).

شـایەنی باسـە "مۆسـۆلۆنی" یـەکێك بـوو لەوانەی زۆر بە فەلسەفەی "نیچە" سەرسام بوو، زۆربـەی کتێبەکانیشـی خوێنـدبووەوە، بـەڵام پـێ

ناچێت "هتلەر" "نیچە"ی بە باشی ناسی بێت، چونکە لە سەروەختی جەنگی جیهانی یەکەمدا کتێبەکانی "شوپنهاوەر"ی پێ بووە نەك کتێبەکانی "نیچە"، ئەمەش ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە و مێژوونوسانیش دوپاتیان کردۆتەوە.

لە کتێبەکەیدا (خەباتی من) دوور و نزیك باس لە "نیچە" ناکات، لە کاتێکدا ناوی "شۆپنهاوەر" دێنێت. لە دانیشتنە تایبەتیەکانیدا "هتلەر" بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ "نیچە" دەکات، وەکی ئەوەی دەڵێت: (گەر یەهود بیانتوانیایە دەست بەسەر وڵاتەکەماندا بگرن، ئەوا دەستبەجێ بەرهەم و نوسراوەکانی شۆپنهاوەر و نیچە و کانتیان لەناودەبرد، هەروەها گەر بۆ بەلشەفیەکانیش بلوێت و دوو سەدەیەك دەستمان بەسەردا بگرن ئەوا هیچ شتێك لە کەلەپوری نەتەوەیمان نەدەمایەوە بۆ نەوەکانی داهاتوومان و هەموو مرۆڤە مەزن و بلیمەتەکانیشمان ناویان دەسڕرایەوە، یاخود لە چاکترین حاڵەتدا وەکی جەردەو تاوانکار نیشانیان دەدان!).

## نیچە

لە ساڵی ١٩٤٤دا نازییەکان بە بۆنەی تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر لەدایکبوونی "نیچە"دا ئاهەنگیان گێڕاو، لەو بۆنەیەدا تیۆرسینی حیزب "ئەلفرید ڕۆزنبرگ" وتارێکی خوێندەوەو تیایدا وتی: (نازیزم تەواوی دنیا دەسڕێتەوە، وەك چۆن نیچە دەسەڵاتەکانی ڕۆژگاری خۆی سڕیەوە).

ئەڵبەتە "نیچە" تاکە سەرکردەی ڕۆحی نازیزم نەبوو، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە نازیەکان گرنگی زۆریان پێداوەو هەوڵیانداوە بیرو بۆچوونەکانی بخەنە خزمەت ئایدیۆلۆژیای خۆیانەوە: بەڵام داخۆ نازییەکان بە چ شتێکی ئەو سەرسام بوون و بۆچی خۆشیان دەویست؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە ئەم کتێبە دەیکات و لەسەری دەوەستێت. بێگومان نائەقڵانیەتی بێ ئەندازەی فەلسەفەی "نیچە" و شێوازی ئاگرینی نوسینەکانی و تورەییە درەوشاوەکانی، شتگەلێکن کەسایەتی "هتلەر"مان بیردەخەنەوە کاتێك دەچوە بەر مایکرۆفۆن و وتارێکی ئاگرینی

حەماســەت خــولْقێنی دەدا و گــەلی ئەڵــەمانیای دەهێنایە جۆش.

لێـرەوە دەتـوانین بلـێین جـۆرە لێکچـونێك لـە نێـوان شـێوازی "نیچـە" و کارەکتـەری "ئـەدولْف هتلــەر" دا هەیــە. بــەڵام ئــەوەی پەیوەنــدی بــە جەوهـەر و ناوەڕۆکی هەردوولایانـەوە هەیە، ئـەوا زۆر ئاڵۆز و دژوارتـرە! چونکە ناکرێت فەلسەفەی گــران و ئــاڵۆزی ئــەو کورتکەینــەوە بــۆ تــەنها ئایدیۆلۆژیایـەکی نـازیزم یـان فاشـیزم. بێگومـان لێرەشــەوە هەڵــەو تێکــەڵکردن دروســت دەبێــت.. ئەڵبەتــە هەنــدێك بیروبۆچــونی هاوبــەش لــە نێوانیانـدا هەیـە، بەڵام خـاڵی نـاکۆك و جیـاوازی زۆریش لەگۆڕێدایە.

لــە شــتە هاوبەشــەکانی نێوانیــان: ئاقــاری دەستەبژێرگەرایی "نیچە" و پێداگرتنیەتی لەسەر مرۆڤــە هێــزدار و تەندروســتەکان و ڕقــی زۆریشــیەتی لــە مرۆڤــە نــەخۆش و لاواز و ترسـنۆکەکان. وەکـی ئاشکراشـە نازییـەکان لای خۆیانەوە بڕوایان بە ڕەگـەزی ئـاری هـەبوو، پێیـان وابــوو ئــاری نــەژادەکان لــە ســەر و هــەموو

نەژادەکانی ترەوەن. "نیچە" دوودڵ نەبوو لەوەی قوربـانی بــە ملیۆنــەها مــرۆڤ بــدات، گــەرهاتوو تەندروست و بەهێز نەبن.. ئەمەش ئەو کارە بوو کە "هتلەر" کردی!

لە ڕاستیدا دەکرێت فیکری "نیچە" لە چەند ڕوویەکەوە تەفسیر بکرێت، بەم پێیە لێکدانەوەی نازیزم بۆ فەلسەفەکەی ڕەوایە، هەروەك چۆن ئەو تەفسیرانەی تریش کە جیاوازن ڕەوایەتی خۆیان هەیە. گومانی تێدا نییە کە ئەو بڕوای بە ئایدیای پیاوانی مەزن و ڕۆڵی ئەوان لە مێژوودا هەبوو، بەڵام لە بەرامبەردا بە چاوێکی سوك سەیری خەڵکانی ئاسایی و جەماوەری دەکرد و بە مێگەل دەیچواندن.

هەندێك پێیان وایە فەلسەفەی "نیچە" عەشقی قارەمــانێتی فــەردی و ئــیرادەی هێــز بــوو، بــەم پێیەش ڕەنگە هاندەرێك بووبێت بۆ سەرهەڵدانی ئایدیۆلۆژیای فاشیزم لە ئەوروپا، وەك دەزانرێت ئەمیش لای خۆیەوە بەر لە هەرشتێ تەئکیدی لە هێــز و هێــزداری دەکــردەوە. ئــەوەتا دەنوســێت:

(پێویستە لە مەترسیدا بژین و بە لێواری مەترسیدا ڕێ بکەین).

"مۆسۆلۆنی" ئەم دەستەواژەیەی کردە دروشمی بزوتنەوەی فاشیزم لە ئیتاڵیا.. وەك دەشزانرێت خوێندنەوەی "نیچە" وای لێکرد دەستبەرداری مارکسیزم بێت و دەرگیری فەلسەفەی قوربانیدان و خۆشویستنی جەنگ و مەرگ بێت، لە پێناو داکۆکی کردن لە نیشتمان. بەم پێیە دەکرێت بڵێین، فەلسەفەی "نیچە" مەشروعیەتی دا بەو ئەقڵیەتە جەنگ خوازەی تینوی هێز و خوێن ڕشتنە.. هەرچی خەڵکانی لاوازیشە ئەوا لەسەر زەوی جێگایان نابێتەوە و دەبێت لەناو بچن. ئالێرەدا نزیکایەتیەك لە نێوان فەلسەفەی "نیچە" و ئایدیۆلۆژیای نازیزمدا دەدۆزینەوە. هەربۆیە فەیلەسوفی مارکسی "جۆرج لۆکاچ"، فەلسەفەی ئەوی بە پڕوپاگەندەیەك بۆ سەرمایەداری ئیمپریالی دایە قەڵەم و بەشێوەیەکی زۆر ترسناکی شێوازەکانی فەلسەفەی نائەقلانی دەبینی.

## نیچە

لەبەرامبەر ئەم بۆچونانەدا هەندێکی تر دەڵێن: (فاشیزم و جەنگ خواز و نازیستەکان بەشێوەیەکی ناشیرین فەلسەفەی نیچەیان لە پێناو خزمەتکردن بە پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژیای خۆیاندا بەکارهێناوە، لەکاتێکدا فەلسەفەی ئەو زۆر لەوە قوڵتر و مرۆڤانەترە).. فیکری "نیچە" بەو پێیەی فیکرێکی ئایندە بینەو شێوازێکی شاعیرانەی زۆر بەرزی هەیە، وایکردووە کە لەلایەن فاشیەکانەوە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەکاری بهێنن. بەڵام خۆ نازییەکان فەلسەفەی "کانت"یشیان بۆ ڕەوایەتی بەخشین بە ئایدۆلۆژیاکەیان بەکارهێناوە، وەك ئاشکراشە "کانت" لە سەردەمانی حوکمڕانی نازییەکاندا ستایشی زۆر دەکرا و لە ڕیزی پێشەوەدا بوو. سەرەڕای ئەوەی فیکری "کانت" زۆر ئەقڵانی بوو، شێوازی نوسینیشی وەکی "نیچە" ئاگرین و وروژێنەر و بروسکە ئاسا و کاریگەر نەبوو.

لە ڕاستیدا پارتە سیاسیەکان هەمیشە پێویستیان بەوەیە لە ڕوی ئایدیۆلۆژییەوە ڕۆشنبیران ڕەوایەتیان بدەنێ، ڕۆشنبیریش

چەندێك مەزن بێت حیزب هەوڵی زۆرتر دەدات بۆ ئـــەوەی بـــیرو بۆچـــونەكانی بخاتـــە خزمـــەت بەرژەوەندیـەكانی خـۆی. كەواتـە هـیچ بیریارێـك ناتوانێـت ڕێ لـە خـەڵكانی دی بگرێـت تـا بـیر و بۆچونەكانی بۆ مەبەستی تایبـەتی خۆیـان بـەكار نەهێنن.

ئــەم قســـەیە "نیچـــە" و كەســـانی دیكـــەش دەگرێتەوە. بە تایبەت ئەگەر ئەو بیریارە لە ژیانـدا نـەمابێت و مردبێـت. شـالاوی تونـدی "نیچـە" بـۆ سـەر ئاكـاری مەسـیحی و بانگەشـەكردنی بـۆ تێپەڕانـدنی و گەڕانـەوە بـۆ وەسـەنیەت، بوونـە مایەی نزیك كردنەوەی لـە نـازیزم و وایكـرد بیر و بۆچـونەكانی بـە ئاسـانی لەلایـەن نازیسـتەكانەوە بەكاربهێنرێت و كاری پێ بكەن.

ئـــەوەی دەســـتی لـــە قوڵكردنـــەوەی زیـــاتری پەیوەنـدی نێـوان "نیچـە" و نازیزمـدا هـەبوو، ئـەو ڕۆڵە بوو كە "ئەلیزابیسی" خوشكی لـەم بوارەدا گێـڕای. وەكـی ئاشـكرایە "ئـەلیزابیس" خـۆی و مێردەكەشی فاشیزمێكی حەقیقی بوون. هەر بۆیە لـە سـالانی بیسـتی سـەدەی ڕابـردووەوە دەسـتی

کرد به بڵاوکردنەوەی ئەو پڕوپاگەندەیەی دەڵێت: (فردریك نیچە فەیلەسوفی فاشیزمە!).

تەنانەت سلاّوی بۆ "مۆسۆلۆنی" نارد و پێی ڕاگەیانــد کــە: (تــۆ زیندووکــەرەوەی بــەهای ئۆرســتۆکراتیت بــە مانــا نیچــەویەکەی، گــەر براکەشـــم زیندوبوایـــە ڕازی دەبوولێـــت و بۆچونەکانتی پەسەند دەکرد).

وەکــی پێشــتریش ئاماژەمــان پێــدا هــەر "ئەلیزابیس" بوو لە ماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لە "هتلـەر" کـردو گۆچانەکەی "نیچـە"ی بـە دیـاری دایـە، ئـەو گۆچانەی خـۆی پـێ ڕاگیر دەکرد و لـە پیاسەی ڕۆژانەی نـاو شاخ و داخـەکانی سویسـرا و ئیتاڵیا و فەرەنسادا بەکاردەهێنا.

"ئەلیزابیس" نازییەکی تەواو بوو. بەڵام ئاخۆ "نیچە"ی برای کە بـە مـەزنترین بلیمـەتی فەلسـەفە دەژمێردرێـت لـە مێـژووی ئەڵـەمانیادا، نـازی بوو؟ ئەمە مەسەلەیەکە جێـی گومانـە، سـەرەڕای بوونی خاڵی لێکچوو لە نێوانیاندا..

فیکری "نیچە" فیکرێکی ناکۆك و ئیشکالییە، زۆر جار دەکرێت ئەو شتەی دەیڵێت و دژەکەشـی

لــە نوســینەکانیدا بدۆزینــەوە، هــەر ئەمــەش فەیلەسوفی ئەڵـەمانی "کـارل یاسـبەرز"ی ناچـار کـرد بـە تونـدی دژ بـە قۆسـتنەوەی فیکـری ئـەو لەلایـەن نازییەکانـەوە بوەستێتەوەو بڵێـت: (ئەمـە کــارێکی مەحاڵــە و دژ بــە حەقیقــەتی فیکــری نیچەیە).

نیـــچـه



**سەرچاوە:**

١- نیچە- ترجمة: جورج جَحا- المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت - الطبعة الاولى، ١٩٧٣.

٢-گۆڤاری (أخبار الأدب)، ژمارە (٤٢٣)، بەرواری (١٨/٨/٢٠٠١).

٣-بيان الكتب، ژمارە (٢٥٣)، بەرواری ٢٠٠٣/٣/١٠.

٤-ڕۆژنامەی (الرياض)، بەرواری ٢٠٠٠/٤/٢٢.

٥-بيان الكتب – ٢٠٠٣/١/٣٠.